Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ساغکردنەوەی ناسنامەی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان دا

**م.ی.هیمن محمد عبدالله**

**بەشی زانستی کۆمپیوتەر، کۆلێجی زانست، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان.**

hemin.mohammed@garmian.edu.krd

**م.ی.دانا صالح محمد**

**بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان**

dana.mohammed@univsul.edu.iq

## پوختە

پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی تێڕوانینی پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بارەی ناسنامە یاخود چوارچێوەی بوارەکەیانەوە، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان بەهۆی نزیکیی لەگەڵ بوارەکانی ڕۆژنامەوانیی، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، وەکو لقێک لە زانستی کۆمیونیکەیشن، هێشتا جێگەی مشتومڕە کە ئایا ئەم بوارە لەناو بازنەی کارگێڕیی و بەڕێوەبردن یاخود ڕۆژنامەوانییدایە و یاخود بوارێکی سەربەخۆیە، ئەوەش سەرەرای ئەوەی کە پەیوەندییە گشتییەکان بابەتێکی کارگێڕییە، بەڵام شانبەشانی ڕۆژنامەوانیی پەرەیسەندووە و تێکەڵ بە یەکتر بوون، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان لە هەناوی ڕۆژنامەوانییەوە پەرەیسەندووە، لەگەڵ ئەوانەشدا تێڕوانینی دیکە لەبارەی بوارەکەوە ئەوەیە کە بوارێکی سەربەخۆیە. هەموو ئەوانەش نارووناییەکیان لە دەوری بواری پەیوەندییە گشتییەکان درووستکردووە. کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیە لە چەند پرسیارێک، لەوانەش؛ ئایا پەیوەندییە گشتییەکان سەر بە کامە بوارە، بوارێکی (کارگێڕیی و بەڕێوەبردن یان ڕۆژنامەوانی یاخود بوارێکی سەربەخۆیە لەناو زانستی کۆمیونیکەیشندا)، توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە کە لە ڕێگەی وردبوونەوە لە پێناسەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و هەروەها وردبوونەوە لە پەیوەندیی بە زانستەکانی ترەوە؛ کۆمەڵێک پرسیار دابرێژێت و ئاراستەی پسپۆڕانی (پەیوەندییە گشتییەکان)ی بکات، تاوەکو لە ڕووانگەی تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەکەوە بگەین بە وەڵامێکی پێویست و بازنەی بواری پەیوەندییە گشتییەکان و تێڕوانینێکی وردی زانستییانە لەبارەی ئەم بوارەوە دەستنیشان بکەین. میتۆدی توێژینەوەکە وەسفییە و کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە پسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها سامپڵی توێژینەوەکە لە جۆری گەمارۆدانی گشتگیر (حصر شامل)ە، ئامرازی فۆرمی ڕاپرسیی بەکاربراوە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرێمی کوردستاندا بوارێکە نارووونیی دەوری داوە، هەروەها تازەیی لە بواری خوێندن و پراکتیزەکردنی و بەرفراوانی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان سەرەکییترین هۆکارن بۆ ئەو نارووونییە و تێکەڵبوونی لەگەڵ بوارەکانی تردا. لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەرکەوتووە کە پەیوەندییە گشتییەکان بابەتێکی جێگە مشتومڕە و نارووونیی دەوری تەنیوە، بۆیە توێژەران ئەم توێژینەوەیەیان ئەنجامداوە تاوەکو بتوانرێت چوارچێوەی بواری پەیوەندییە گشتییەکان روون ببێتەوە.

**کلیلەوشەکان: پەیوەندییە گشتییەکان، ڕاگەیاندن، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، کۆمیونیکەیشن.**

Recieved: 11/8/2024
Accepted: 26/9/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

پێشەکیی

پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی ناو زانستی کۆمیونیکەیشنە و نزیکایەتیی هەیە لەگەڵ بوارەکانی کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، رۆژنامەوانیی و بازارگەریی، لە هەمان کاتدا پەیوەندییدارە بە زانستەکانی کۆمەڵناسیی و دەروونناسییەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدات تێڕوانینی پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان بزانێت لەبارەی روونیی یاخود ناروونییی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ زانستەکانی ئاماژەبۆکراودا هەیەتی، ئەم بەشە هەمیشە لەگەڵ بوارەکانی بەڕێوەبردن و رۆژنامەوانییدا ئەبینرێت و ناوی ئەهێنرێت، توێژەرانیش هەمیشە ئەم بوارەیان داوەتە پاڵ دوو بوارەکەی تر، هەموو ئەوانەش وا ئەکەن کە تێڕوانینێکی روون لەسەر بواری پەیوەندییە گشتییەکان نەبێت. پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی فراوان و فرەکارامەییە، بەو مانایەی کە ئەم بوارە ئەرکی جیاواز لەخۆ ئەگرێت و دەرچووانی بەشە جیاوازەکانی (رۆژنامەوانیی، بەرێوەبردن، کۆمیونیکەیشن، دیجیتاڵ مارکێتینگ، تەکنەلۆجیای زانیارییەکان... هتد) ئەتوانن کاری تێدا بکەن، هەموو ئەوانە وایان کردووە توێژەران تێبینی ئەوە بکەن کە ناروونییەک لە دەوری چوارچێوەی بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا هەبێت، بابەتی توێژینەوەکە بابەتێکی نوێیە و بەپێی سنووری ئاگایی توێژەران ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ روونکردنەوەی چوارچێوەی بواری پەیوەندییە گشتییەکان پێشتر بە زمانی کوردیی نەکراوە و لە زمانی عەرەبییشدا لە ئاستێکی سنوورداردا و بە شێوازی تر کاری لەسەر کراوە، ئامانج لە توێژینەوەکەش زانینی رای پسپۆڕانی بوارەکەیە لەبارەی روونیی و ناروونییی بوارەکەیانەوە، هەروەها ئامانجی تری دیارییکردنی چوارچێوەی بواری پەیوەندییە گشتییەکان و روونبوونەوەی ناسنامەی بوارەکەیە لە هەرێمی کوردستان دا.

تەوەری یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوە

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی تێڕوانینی پسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان سەبارەت بە روونیی و ناروونییی بوارەکەیان، لە کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکەوە کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکیی درووست ئەبێت کە یارمەتییدەر ئەبن بۆ زانینی کێشەی توێژینەوەکە، وەکو؛

- ئایا پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی سەربەخۆیە یاخود سەر بە بواری رۆژنامەوانیی، یان بواری کارگێڕیی و بەڕێوەبردنە؟ یاخود بازنەی کامە بواریان فراوانترە و ئەوی تریان ئەکەوێتە ناوییەوە؟
- تێڕوانینی ئەکادیمستانی بواری (پەیوەندییە گشتییەکان) لە رووی چوارچێوەی بواری زانستییەوە، چۆنە لەبارەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە؟
- ئایا پەیوەندییە گشتییەکان ئەکەوێتە ناو بوارەکانی رۆژنامەوانیی و کارگێڕیی و بەرێوەبردنەوە، یاخود بوارێکی سەربەخۆیە؟
- ئایا ئەو وانانەی کە پێویستن لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا بخوێنرێن، کامانەن؟

ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوەکە هەوڵ ئەدات ئەم ئامانجانە بەدەستبهێنێت:

١. زانینی تێڕوانینی پسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان لەبارەی هەبوونی روونی یاخود ناروونیی لە دەوری

چوارچێــوەی بوارەکەیانــەوە.

٢. دیارییکردنی بواری گونجاوی پەیوەندییە گشتییەکان و روونبوونەوەی ناسنامەی ئەم بوارە.

٣. دەستنیشانکردنی مەودای نزیکایەتیی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ بوارەکانی رۆژنامەوانیی، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن.

٤. درووســتکردنی کۆرایــی ئەکادیمســتانی پەیوەندییــە گشــتییەکان لەبــارەی ئــەو بابەتانــەی کــە پێوســیتە خوێنــدکارانی پەیوەندییــە گشــتییەکان لــە زانکــۆ و پەیمانگەکانــدا وەریانبگــرن و بخوێنرێــت، کــە ئــەوەش کاریگــەر ئەبێــت لەســەر دیــدگا، ئــەرک، ئامانــج و دەرئەنجامــەکانی فێربــوون (Vision, mission, learning outcome) لــە بەشــەکانی پەیوەندییــە گشــتییەکان.

## رێباز و رێگای توێژینەوە

توێژینەوەکــە لــە جــۆری توێژینــەوە وەســفییەکانە و پشــت بــە رێبــازی رووپێویــی (المســحي) بەســتراوە، ئامــرازی فۆرمــی راپرسـیی بەکارهێـنراوە کـە ئامرازێکـی پێویسـتە بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی لـە گەیشـتن بـە ئامانجـەکانی توێژینـەوە و کۆڵینەوە لــە کێشــەکانی توێژینەوەکــە.

## سنووری توێژینەوە

- سنووری کات: بریتییە لە ماوەی (٢٠٢٤/٧/٣) تاوەکو (٢٠٢٤/٨/٣).
- ســنووری شــوێن: هەرێمــی کوردســتان، پارێــزگاکانی (ســلێمانی، هەولێــر، دهــۆک، هەڵەبجــە، ئیــدارەکانی گەرمیــان و راپەڕیــن) ئەگرێتــەوە.
- سنووری مرۆیی: هەڵگرانی بڕوانامەکانی (ماستەر و دکتۆرا) لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان ئەگرێتەوە.

## کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوە

کۆمەڵگــەی توێژینــەوە بریتییــە لــە پســپۆرانی پەیوەندییــە گشــتییەکان لــە هەرێمــی کوردســتان، ســامپڵی توێژینەوەکــە لــە جــۆری گەمــارۆدانی گشــتگیر (حــصر شــامل)ە، تیایــدا بۆچــوون و گۆشــەنیگای (٢٥) کــەس لــە هەڵگرنی بڕوانامــەی ماســتەر و دکتــۆرا لــە بــواری پەیوەندییــە گشــتییەکان وەرگیــراوە. توێــژەران پەیوەندییــان بــە زانکــۆ و پەیمانگــە حکومــی و ئەهلییــەکانی هەرێمــی کوردســتانەوە کــردووە لــە رێگــەی بەشــەکانی راگەیانــدن و پەیوەندییــەکانی زانکۆکانــەوە و لــە رێگــەی پســپۆرانی تــری پەیوەندییــە گشــتییەکانەوە پرســیاریان دەربــارەی پســپۆرانی بوارەکــەوە کــردووە تاوەکــو بیاندۆزنــەوە و فۆرمــی راپرســییەکەیان بــۆ بنێــرن، لــە ئەنجامــدا دەرکــەوت کــە لــە زانکــۆکانی (ســلێمانی، پۆلیتەکنیکــی ســلێمانی، ســەلاحەدین، پۆلیتەکنیکــی هەولێــر، زانکــۆی جیهــان- هەولێــر، پەیمانگــەی هەولێــری تایبــەتی ناحکومــی، دەرەوەی دامــەزراوە) پســپۆڕی پەیوەندییــە گشــتییەکان هــەن.

## رێکار و ئامرازی توێژینەوە

پشتبەســتراوە بــە رێبــازی وەســفیی و رێــگای (راپێویــی- المســحي) و هەروەهــا ئامــرازی فۆرمــی راپرســیی بەکارهێــنراوە بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجــەکانی توێژینەوەکــە.

## پێناسەی چەمکەکان

١. ساغکردنەوەی ناسنامە: مەبەست لە دانەپاڵی پەیوەندییە گشتییەکانە بە چوارچێوەی بوارێکی دیاریکراو، بە جۆرێک چیتر لێڵی و ناروونیی لە دەوریدا نەمێنێتەوە. واتە درووستکردنی دڵنیایی لە هەبوونی ناسنامەیەک Identity کە بوارەکەی پێ بناسرێتەوە.

٢. بوار: پێکهاتەیەکی پشتیوانییە لە دەوری هەر شتێکدا؛ سیستمێک لە رێسا، بیرۆکەیەک، یان بیروباوەڕێک کە بۆ بڕیاردان لەسەر شتێک بەکارئەهێنرێت. (Partelow, ٢٠٢٣)

٣. پەیوەندییە گشتییەکان: پرۆسەیەکی کارگێڕیی بەردەوام و پلانکراوە، بە ئامانجی درووستکردنی پەیوەندیی و ناوبانگێکی ئەرێنیی بۆ دامەزراوە، هەروەها برەوپێدانیان.

٤. هەرێمی کوردستان: قەوارەیەکی سیاسی- کارگێڕیی دەستوورییە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، پێکدێت لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە. شاری هەولێریش پایتەختی هەرێمی کوردستانە. (محەمەد، دانا ساڵح، ٢٠١٨).

پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو

بەپێی سنووری ئاگایی توێژەران، تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردیی نەکراوە کە نزیک بێت لە ناونیشانی توێژینەوەکەمان، هەروەها بە زمانی تر بە تایبەتی لە زمانی عەرەبیی توێژینەوەی نزیک لەم ناونیشانە سنووردارن.

لێرەدا چەند توێژینەوەیەکی پەیوەندییدار بە توێژینەوەکەمانەوە خراونەتەڕوو:

١. توێژینەوەکەی (القيسي، سهاد عادل، ٢٠١٠) بە ناونیشانی (مضامين العلاقات العامة ومفهومها- دراسة ميدانية استطلاعية شريحة مجتمعية)، لە (مجلة الباحث الاعلامي) ی بەشی راگەیاندنی زانکۆی بەغداد بڵاوبووەتەوە، لەم توێژینەوەدا ئەمە خراوەتەڕوو «بەهۆی نزیکیی لە بوارەکانی رۆژنامەوانیی، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، کۆمیونیکەیشن، دەروونزانیی، پێناسەکان و تێڕوانینەکان بۆ بواری پەیوەندییە گشتییەکان جیاوازن»، ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: زانینی تێڕوانینی بەرتوێژان بۆ چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان، و نیشاندانی جیاوازی تێڕوانینی هەردوو توێژی خوێندکارانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و توێژی خەڵک لەبارەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە».

ئامرازی توێژینەوەکە فۆرمی راپرسییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە جەماوەری عێراقیی کە توێژەکانی (خەڵکی ئاسایی، فەرمانبەری دەوڵەت، خوێندکارانی پەیوەندییە گشتییەکان/ زانکۆ) لە هەر توێژێک (٧٠) کەس بە سامپڵ وەرگیراون واتە کۆی گشتیی (٢١٠) کەس.

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، پەیوەستترینیان:

١. تاوەکو ساڵی (٢٠١٠) پەیوەندییە گشتییەکان چەمکێکی نوێ بووە و زۆرینەی بەرتوێژان پێشتر نەیانبیستووە.

٢. پەیوەندییە گشتییەکان وەکو بوارێکی کارگێڕیی و کۆمیونیکەیشن ئەبینرێت، بوارێکە بۆ درووستکردنی (ناوبانگی باش، پەیوەندیی و ئەنجامدانی مارکێتینگ).

٢. توێژینەوەکەی (Sterne, ٢٠٠٨) بە ناونیشانی (Public Relations Among the Functions of Management: A New Zealand Perspective) لە (Public Relations Journal) بڵاوبووەتەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بزانرێت لە کۆمپانیا بازرگانییەکانی نیوزلەندا پەیوەندییە گشتییەکان چۆن ئەبینرێت، و هەروەها ئامانجی تری؛ زانینی رای بەرێوەبەرانی کۆمپانیا بازرگانییەکانە لەبارەی بواری پەیوەندییە گشتییەکان، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیشی داوە بزانێت کە (کێ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان جێبەجێ ئەکات)، لە لایەکی تریشەوە زانینی پێگەی ئەم بوارەیە لە پەیکەری رێکخراوەیی کۆمپانیا بازرگانییەکاندا، لەم توێژینەوەیەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ئەکادیمستەکانی ئەو وڵاتە پێشنیاری ئەوە ئەکەن کە پەیوەندییە گشتییەکان وەکو ئەرکێکی بەرێوەبردن سەیر بکرێت، بەڵام ژینگەی بازاڕ و شوێنە بازرگانییەکان شتێکی تر لە پەیوەندییە گشتییەکان ئەخوازن نەک وەکو بوارێکی بەرێوەبردن، بۆ ئەم مەبەستە (٢٠٠) بەرێوەبەری باڵای کۆمپانیا بە سامپڵ وەرگیراون، هەندێکیان بە چاوپێکەوتن و هەندێکیشیان بە فۆرمی راپرسیی پرسیاریان لێ کراوە. لە گرنگترین دەرئەنجامە زانستییەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

- لەبارەی ئەوەی کە پەیوەندییە گشتییەکان چییە، ئەوە ئەکەوێتە سەر تێڕوانینی بەرێوەبەر و بڕیاربەدەستانی دامەزراوەکان (تایبەت بە دامەزراوە بازرگانییەکان).
- لە زۆرینەی دامەزراوەکاندا، ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان زۆرجار لەلایەن بەرێوەبەری جێبەجێکار، بەشی مارکێتینگ، راوێژکاری یاسایی و هەندێکجاریش لەلایەن بەرێوەبەرانی باڵاوە، بەرێوە ئەبرێت.
- لە هەندێک حاڵەتدا، پەیوەندییە گشتییەکان وەکو ئەرکێکی راوێژکاریی و پێشکەشکردنی ئامۆژگاریی ئەبینرێت.
- پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵێکی ستراتیجی هەیە و پێویستە لەسەر مێزی بەرێوەبەری باڵای دامەزراوەکان بێت، هەروەها گرنگترین ئەرکەکانیشی لە دامەزراوەکانی کە بە سامپڵ وەرگیراون، بریتیین لە بەرێوەبردنی قەیران و بەرێوەبردنی میدیا.

٣. توێژینەوەکەی (Philomen Schönhagen, Mike Meißner, ٢٠١٦) بە ناونیشانی (The co-evolution of public relations and journalism) لە (Journal of Public Relations Review) بڵاوکراوەتەوە، ئەم توێژینەوەیە سەرنجی لەسەر پاشخانی مێژوویی و هاوپەرەسەندنیی پەیوەندییە گشتییەکان و رۆژنامەوانییە (بەتایبەت لە ناوچە ئەڵمانییزمانەکان)، ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی هاوپەرەسەندنیی مێژوویی هەردوو بوارەکەیە، هەروەها روونکردنەوەی پەیوەندیی نێوانیانە، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە، بە خوێندنەوەی خۆیان و پشتبەست بە سەرچاوە زانستییەکان؛ باسیان لە هەردوو بوارەکە کردووە، لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتیین لە تیشک خستنەسەر مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەڵمانیا، ئامانجێکی تر روونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان رۆژنامەگەری و پەیوەندییە گشتییەکانە، لێرەدا سێ دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەخەینەڕوو کە پەیوەندییدارن بە توێژینەوەکەمانەوە:

١. پەیوەندییە گشتییەکان وەکو پرۆسەی گونجاندن لەگەڵ رەفتاری بەشێک لە دامەزراوە و کۆمەڵگە و ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان سەریهەڵداوە، چونکە ئەدائی رۆژنامەگەری بە سنوردار ئەبینرا.

٢. سەرهەڵدانی پەیوەندییە گشتییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کاردانەوەیەک بووە بەرامبەر بە گەشەسەندنی رۆژنامەگەریی.

٣. رۆژنامەگەری و پەیوەندییە گشتییەکان دوو بواری سەربەخۆ و وابەستە بە یەکتر/ یەکترتەواوکەرن.

٤. پەرەسەندنی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەڵمانیا پەیوەستە بە دامەزراندنی میدیای جەماوەریی سەربەخۆ و باڵادەستیی رۆژنامەگەریی حزبی.

ئەم توێژینەوەیەش ئەوە نیشان ئەدات کە هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و رۆژنامەگەری بواری جیاواز و

بـەڵام پەیوەسـت بـە یەکـتر، هەروەهـا ئـەوەش نیشـان ئـەدات کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە هەنـاوی ڕۆژنامەوانییـەوە سـەریهەڵداوە.

تەوەری دووەم: تیۆریینامەی توێژینەوەکە

یەکەم: پەیوەندییە گشتییەکان وەکو بوارێکی فرەئەرک- فرەڕەهەند

پەیوەندییـە گشـتییەکان لقێکـە لـە زانسـتی کۆمیونیکەیـش (کۆمیونیکەیشـنی کـرداری)، وەکـو بوارێکـی ئەکادیمیـی تارادەیـەک نوێیـە، تاوەکـو ناوەڕاسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم ئـەم بـوارە تەنهـا وەکـو بوارێکـی تەکنیکـی/ کرداریـی بیـنراوە نـەوەک بوارێکـی ئەکادیمیـی، بـەڵام ئـەم تێڕوانینـە گـۆڕا و دواتـر کتێـب و توێژینـەوەی زانسـتیی تایبـەت لـە بوارەکـەدا بڵاوکرانـەوە. (Taylor and Botan, ٢٠٠٤, ٦٤٥) لـە پـاش جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە لـە مـاوەی (١٩١٤-١٩١٩) وەکـو بوارێکـی سـەربەخۆ «پەیوەندییـە گشـتییەکان» دەرکـەوت، پێـش ئـەو وادەیـەش لـە سـاڵی (١٨٨٢) وەکـو چەمـک لەلایـەن دۆرمـان ئەیـتن «Dorman Eaton» بەکارهـات لـە کاتی پێشکەشـکردنی وانەیەکـدا. (الشـمري، ٢٠١٦، ٨) بەپێـی زۆرینـەی سـەرچاوەکان ئـەوە بـە سـەرەتاکانی دەرکەوتنـی پەیوەندییـە گشـتییەکان دائەنرێـت.

پەیوەندییـە گشـتییەکان بابەتێکـی ئاڵـۆز و تێکەڵـە، سـوود لـە تیۆریـی و پراکتیکـەکانی بـوارە جیـاوازەکان وەرئەگرێـت وەکـو: بەڕێوەبـردن، میدیـا، پەیوەندییکـردن و دەروونناسـی کـە بوارگەلـی پەیوەندییـدارن بـە پەیوەندییـە گشـتییەکانەوە، پ.د. جۆهانـا فاوکـس Johanna Fawkes پسـپۆڕی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە زانکـۆی Leeds Beckett لـە بریتانیـا؛ ئامـاژە بـەوە ئـەکات کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەتوانێـت لـە ڕووی تیـۆری و پراکتیکـەوە سـوود لـە ئـەو بوارانـە وەربگرێـت، Theaker, ٢٠١٢, ٤))، هـەر شـتێک کـە کۆمپانیایـەک یـان نوێنەرانـی بیکـەن، ڕەنگـە بـە «پەیوەندییـە گشـتییەکان» ناوبهێنرێـت، چالاکییە هەمەچەشـنەکان وەک هەوڵـدان بـۆ ڕوونکردنـەوەی ڕاپۆرتێکـی دارایـی نەرێنیـی، خسـتنەبازاڕی بەرهەمێکـی نـوێ، هاندانـی کارمەنـدان بـۆ خۆبەخشـی لـە کۆمەڵگـەدا، و بەخشـینی پـارە بـە ڕێکخراوێکـی خێرخوازیـی، هەموویـان وەکـو «پەیوەندییـە گشـتییەکان» دەستنیشـانکراون. (Coombs, Holladay, ٢٠١٤, ٤)، هەمـوو ئەوانـەش وایکـردووە نارووننییـەک لـە دەوری چوارچێـوەی ئـەم بـوارە درووسـتببێت.

پەیوەندییـە گشـتییەکان پیشـەیەکی تایبەتمەنـدە و بـەو شـێوەیە دەسـتی پـێ کـردووە و بـەردەوام بـووە، مێژووەکـەی و ئەوانـەی لەسـەریان نوسـیوە شـایەتحاڵی ئـەوەن. سـەرەرای ئـەوەش ئەتوانیـن یەکێـک لـە گرفتـەکانی نارروونیـی تەواوەتیـی پەیوەندییـە گشـتییەکان ببەسـتینەوە بـە سـەرهەڵدانی ئـەم بـوارەوە، بەهـۆی ئـەوەی کـە «پەیوەندییـە گشـتییەکان وەکـو چالاکییەکـی پراکتیکـی بـۆ ڕوبەڕووبوونـەوەی ڕایگشـتی دەسـتپێکردووە، بـەڵام چالاکییـەکانی بناغەیەکـی زانسـتیان نەبـووە و هەڕەمەکـی بـوون، چەندیـن سـاڵ دوای ئـەوەی چەمکـی (پەیوەندییـە گشـتییەکان) پەیدابـوو، ئەمـەش ئـەو مانایـە ئەگەیەنێـت کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان وەکـو زانسـتێکی تایبەتمەنـد ڕێکخـراو دەسـتپێنەکردووە کـە میتـۆدی تایبـەتی خـۆی هەبێـت، ئـەم سـەرهەڵدانە بـە درێژایـی مێـژوو کاریگەریـی لەسـەر گەشەسـەندنی پەیوەندییـە گشـتییەکان هەبـووە». (البـادي، ٢٠١٦، ٦٤-٦٥)

پەیوەندییـە گشـتییەکان هونەرێکـی کردارییـە کـە پسـپۆڕانی ئەنجامـی ئـەدەن بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی متمانـە و درووسـتکردنی لێکـتێگەیشتن و هێنانەکایـەی ڕەزامەنـدی هاوبـەش لەنێـوان دامـەزراوە و جەماوەرەکەیـدا، هەروەهـا چالاکییـەکانی پەیوەندییـە گشـتییەکان بـە «ئەندازیـاری دانوسـتانکاریی» ناوئەهێنـن. (العـلاق (أ)، ٢٠٢٠، ١٩) بـە ڕای توێـژەران ئـەم پێناسـەیەش ڕەهەنـدی سیاسـی و دیپلۆماسـی تێـدا زاڵـە، جیـاوازە لـە زۆرینـەی پێناسـەکانی پەیوەندییـە گشـتییەکان.

رێكس هارلەو Rex Harlow لە ساڵی (١٩٧٦) لە كۆی نزیكەی پێنجسەد پێناسەی پەیوەندیە گشتییەكان، ئەم گوزارشتەی لەبارەیەوە خستەڕوو: پەیوەندییە گشتییەكان ئەركێكی بەڕێوەبردنی جیاوازە كە یارمەتییدەرە لە «دامەزراندن و پاراستنی هێڵە هاوبەشەكانی پەیوەندی، لێكتێگەیشتن، قبوڵكردن و هاوكاری» لە نێوان ڕێكخراوێک و جەماوەرەكەیدا، هەروەها؛ بەڕێوەبردنی كێشە یان پرسەكان، ئاگاداربوون و وەڵامدانەوەی رایگشتی لەخۆ ئەگرێت، بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردن ئەگرێتەئەستۆ بۆ خزمەتكردنی بەرژەوەندی گشتی، یارمەتیدەری دامەزراوەیە بۆ ئاگاداربوون لە گۆرانكارییەكان و سوودلێوەرگرتنیان بە شێوەیەكی كاریگەر، وەكو سیستەمێكی ئاگاداركردنەوەی پێشوەختەش كار ئەكات بۆ پێشبینیكردنی ڕەوتەكان و وەكو پرەنسیپی سەرەكی خۆی؛ تەكنیكەكانی توێژینەوە و كۆمیونیكەیشنی ئەخلاقی بەكارئەهێنێت. (Theaker, ٢٠١٢, ٥) لەم گوزارشتەوە دەرئەكەوێت كە ئەرك و چالاكییەكانی پەیوەندییە گشتییەكان زۆر و جۆراوجۆرن، ئەمەش بە هۆكارێكی تر لە ناروونیی بوارەكە ئەبینرێت.

پەیوەندییە گشتییەكان هونەرە و زانستی كۆمەڵایەتییە، دۆخەكان شی ئەكاتەوە و پێشبینی دەرئەنجامەكان و راوێژ بە سەرۆک و بەڕێوەبەرانی دامەزراوەكان پێشكەش ئەكات، هەروەها خزمەت بە بەرژەوەندی دامەزراوە و جەماوەرەكەی ئەكات. (Wilcox, et al, ٢٠١٥, ٣٤) ئەوانەش لە كاتێكدایە كە ئەركە سەرەكییەكانی پەیوەندییە گشتییەكان كە بریتیین لە (توێژینەوە، پلاندانان، راوێژكاریی، هەڵسەنگاندن، پەیوەندی، ڕێكخستن، راهێنان) (صابر، أمین، ٢٠٢٣، ٧٦٤-٧٦٥).

بە سەرنجدان لەو پێناسە و گوزارشتانەی كە لە سەرەوە خرانەڕوو، ئەگەینە ئەوەی كە پەیوەندییە گشتییەكان دوو جۆر لە چالاكی بۆ دامەزراوە ئەنجامئەدات، یەكێكیان زارەكییە كە پەیوەستە بە هونەری دانوستانكاری و بەڕێوەبردنی: پرسەكان، راوێژكاریی، كۆمیونیكەیشن، هەروەها یەكێكی تریان پەیوەستە بە ئەركە پراكتیكییەكان/ جێبەجێكارییەكان، وەكو ئامادەكارییەكان بۆ مەراسیم و ڕووداو، كەمپەین، پێشوازی، ئەركی توێژینەوەی زانستی، بەڕێوەبردنی میدیا، كە زۆرێک لە سەرچاوەكان ئاماژەیان بۆ ئەكەن، بەم هۆیەشەوە پەیوەندییە گشتییەكان هونەر و زانستە.

دووەم: پەیوەندییە گشتییەكان لە هەرێمی كوردستاندا

توێژەران تێبینی ئەوەیان كردووە، لە هۆكارەكانی درەنگ دەركەوتنی پەیوەندییە گشتییەكان لە هەرێمی كوردستان ئەوەیە كە؛ تاوەكو ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هەرێمی كوردستان كرانەوەیەكی ئەوتۆی بە رووی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا نەبووە، هەروەها كۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانی و تایبەتەكان زۆر بە كەمیی ئامادەییان هەبووە لە ناوچەكەدا، لەگەڵ ئەوانەشدا سیستمی نەریتی بەڕێوەبردنی دامەزراوەكان لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا هۆكارێكی ترە. كە ئەوانە بە نزیكەیی (هەمان ئەو هۆكارانەن بۆ درەنگ دەركەوتنی پەیوەندییە گشتییەكان لە نیشتمانی عەرەبییشدا)، ئەوەش لە كاتێكدا كە ساڵانی سەرەتای شەستەكانی سەدەی بیستەمەوە پەیوەندییە گشتییەكان وەكو بوارێكی زانست ی لە وڵاتانی عەرەبییدا بڵاوبووەتەوە، (أبوأصبع، ١٩٩٨،٩٣) بەڵام لە هەرێمی كوردستاندا مێژوویيەكی زۆر نوێی هەیە، وەكو بوارێكی زانستی بۆ یەكەم جار لە ساڵانی ناوەراستەكانی ٢٠٠٠ ەوە لە زانكۆی سلێمانی وەكو بابەتێک لە بەشی راگەیاندن جێگیر كرا، هەروەها وەكو بەشێكی سەربەخۆ لە ساڵانی دوابەدوای ٢٠٢٠ دا لە زانكۆكانی سلێمانی و پۆلیتەكنیكی سلێمانی، لە پەیمانگەی تەكنیكی دوكان ئەم بەشە كرایەوە.

سێیەم: پەیوەندییە گشتییەکان وەکو بوارێکی بەڕێوەبردن

پەیوەندییـە گشـتییەکان پێناسـەی زۆری بـۆ کـراوە، زۆرینـەی پێناسـەکان ئاماژە بـەوە ئەکـەن کـە پیشـەیەکی کارگێڕیـی و بەڕێوەبردنـە، لێـرەدا ئامـاژە بـە چەنـد پێناسـەیەکی دیـاری ئـەم بـوارە ئەکەیـن.

تێڕوانینـی ئەکادیمـی بـاو ئەوەیـە کـە: «پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەرکێکـی بەڕێوەبردنـە، ناسـێنەر و بەڕێوەبـەری کێشـەکان و ئاسـانکاری تەنگەژەکانـە، راوێـژکاری ئیتیکـی و سـتراتیجی دامـەزراوە و بەڕێوەبـەری کۆمیونیکەیشـنە لـە ناوخـۆ و دەرەوەیـدا، هەروەهـا ئەنجامـدەری توێژینـەوە و درووسـتکاری پەیوەندییـە لەنێـوان توێـژ و گروپـە جیـاوازەکان لەگـەڵ دامـەزراوەدا». (Bowen, et al, ٢٠١٩, ٩-١٠) دیسـان ئـەم پێناسـەیەوە ئەگەینـە ئـەو بـاوەڕەی کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەرکـی زۆر و جیـاوازی پـێ سـپێردراوە و بوارێکـی فراوانـە.

کۆمەڵـە دیـار و سـەرەکییەکانی ئەنگلۆ-ئەمریکـی بـۆ پەیوەندییـە گشـتییەکان، لـە پێناسـەکانیاندا بـە شـێوەیەک ئەیناسـێنن کـە «بوارێکـی بەڕێوەبردنـە_ Management function) ە»، بەڕێوەبردنیـش بـە مانـای کۆنترۆڵکـردنی جەمـاوەر و پەیوەندییـەکان نـەوەک ڕووبەڕووبوونەوەیـان. (Mckie, Sriramesh, ٢٠١٧, ١). ئـەم پێناسـەیە گشـتگیرە و بـە شـێوەیەکی ورد ڕۆنەچووەتـە نـاو ئەرکـەکانی پەیوەندییـە گشـتییەکانەوە بـەڵام هەمـووی لـە «کۆنترۆڵکردنـی جەمـاوەر»دا چـڕ کردووەتـەوە، کۆنترۆڵکـردنی جەماوەریـش بـە چەندیـن شـێواز و تەکنیکـی جیـاواز (زارەکـی، نازارەکـی، کـرداری) ئەنجامئەدرێـن.

پەیوەندییـە گشـتییەکان، چالاکییـەکانی لـە ناوخـۆی دامـەزراوەوە دەسـتپێئەکات پێـش ئـەوەی لـە دەرەوەدا هـەر چالاکییـەک ئەنجامبـدات. (العـلاق (ب)، ٢٠٢٠، ١٩)، بـە رای توێـژەران ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە بـەشی پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەرکـەکانی وەکـو توێژینـەوە سـەبارەت بـە ژینگـەی ناوخـۆی دامـەزراوە، هەڵسـەنگاندنی ئـەدای چالاکییـەکان، چاودێرییکـردنی چالاکییـەکان، درووسـتکردنی هەماهەنگـی بـۆ کار و چالاکییـەکان لـە ناوخـۆی دامـەزراوە، درووسـتکردن و بەرەوپێشـبردنی پەیوەنـدی کارمەنـدان، پێشکەشـکردنی راوێـژ بـە بەڕێوەبـەر، کردنـەوەی خـول و چالاکییـەکانی پەرەپێـدانی کارمەنـدان، بەڕێوەبـردنی ڕووداو...هتـد، ئەنجامئـەدات، بەمپێیـەش پەیوەندییـە گشـتییەکان بوارێکـی بەڕێوەبـردن (کارگێڕیـی) یـە. بۆیـە زۆرێـک لـە پێناسـەکان ئەڵێـن بوارێکـی بەڕێوەبـردن و کارگێڕییـە.

پەیوەندییـە گشـتییەکان، پیشـەیەکی کارگێڕییـە کـە هەڵئەسـتێت بـە هەڵسـەنگاندنی ئاراسـتەکانی جەمـاوەر، بەسـتنەوەی سیاسـەتی کاری دامەزراوەیـە بـە کـردارەکانی تاککـەس یـان دامـەزراوە، بـۆ بەدیهێنـانی بەرژەوەنـدی گشـتی و جێبەجێکـردنی بەرنامەیـەک بـۆ بەدەسـتهێنانی را و تێگەیشـتنی جەمـاوەر. هەروەهـا، هەوڵێکـی کارگێڕیـی نەخشـەکێشراو و بەردەوامـە بـە ئامانجـی هێشـتنەوەی و پاڵپشـتییکردنی تێگەیشـتنی هاوبـەش لەنێـوان دامەزراوەیـەک و جەماوەرەکەیـدا. هەروەهـا، پەیوەندییـە گشـتییەکان لێپرسراوێتییەکـی کارگێڕییـە بـە ئامانجـی گونجانـدنی دامـەزراوە لەگـەڵ ژینگـە کۆمەڵایەتی و سیاسـی و ئابوورییەکەیـدا، بـە ئامانجـی ڕەخسـاندنی ژینگەیـەک لـە خزمـەتی دامـەزراوە و هەروەهـا بـۆ بەدیهێنـانی بەرژەوەنـدی هـەردوولا (دامـەزراوە و جەمـاوەر). (بشـیر العـلاق: ٢٠١٠، ٣٨-٣٩).

جەیمـس گرونیـگ James E. Grunig تیۆریسـتێکی پەیوەندییـە گشـتییەکانە، ئەڵێـت: «زۆرێـک لـە ڕۆژنامەنوسـان و تەنانەت خەڵێکیـش بـە شـێوەیەکی سـادە لـە پەیوەندییـە گشـتییەکان تێگەیشـتوون بەمجـۆرە کـە «هەوڵدانـە بـۆ کاریگەرییکردنـە سـەر میدیـا و دەرخسـتنی ئەرێنییانـەی دامـەزراوە»، و ئەڵێـت بـە تێڕوانینـی ئـەو «پەیوەندییـە گشـتییەکان گرنگتریـن ئەرکـەکانی بەڕێوەبردنـە لـە دامـەزراوە مۆدێرنەکانـدا»، ڕوونیشـیئەکاتەوە کـە دامەزراوەکانیـش وەکـو مـرۆڤ پێویسـتە پەیوەندیـی لەگـەڵ چواردەورەکەیانـدا درووسـتبکەن.(Grunig, ١٩٩٣, ١٣٩) بەمشـێوەیە بـە لای گرونیگـەوە ڕەهەنـدی پەیوەندییکـردن- درووسـتکردنی لـە پەیوەندییـە گشـتییەکاندا زۆرتریـن ڕەنگدانـەوەی هەیـە، هەروەکـو ئەبینرێـت کـە

«پەیوەندییــە گشــتییەکان» بــە گرنگتریــن ئەرکــی کارگێڕیــی ئەچوێنێــت.

چوارەم: پەیوەندییە گشتییەکان و رۆژنامەوانیی

ســەرچاوەکان ئامــاژە بــۆ ئــەوە ئەکــەن کــە پەیوەندییــە گشــتییەکان لــە هەنــاوی رۆژنامەوانییــەوە ســەریهەڵداوە و دواتــر رێڕەوی خــۆی گرتــووە، بەمشــێوەیەی کــە ئێســتاکە ئەوترێــت ئەرکێکــی کارگێڕیــی و بەڕێوەبردنــە، ئەمــەش بــە دەســتپێکێکی ئاڵــۆز بــۆ پەیوەندییــە گشــتییەکان ئەبینرێــت، بــە شــێوەیەک کــە وەکــو زانســت و بوارێکــی ســەربەخۆ دەســتپێنەکردووە، بەڵکــو بەپەیوەندییــە گشــتییەکان بــە چەنــد قۆناغێکــدا تێپەڕیــوە.
فیلیــپ لیزلــی Philip Leslie، پەیوەندییــە گشــتییەکان بــۆ شــەش قۆنــاغ دابــەش ئــەکات، پێــی وایــە کــە قۆناغــی یەکەمــی پەیوەندییــە گشــتییەکان بــە بەکارهێنــانی ئامــرازەکانی بڵاوکردنــەوە دەســتپێکرد، و هەروەهــا روونیــی ئەکاتــەوە کــە لەگــەڵ بەرەوپێشــچوونەکان و زیادبــوونی هۆشــیاریی جەمــاوەر و جۆراوجۆربــوونی جەمــاوەر پەیوەندییــە گشــتییەکانیش چوارچێوەیەکــی تایبەتمەنــدی وەرگــرت، بــەو پێیــەش پەیوەندییــە گشــتییەکان لــە ســەرەتایدا تەنهــا بــە بڵاوکردنــەوەی رۆژنامەوانیــی دەســتپێکردووە بــەڵام کاتێــک کــە جیــاوازی کەوتووەتــە نێــوان خــودی جەمــاوەر لــەو ڕووەوە کــە جەمــاوەری هۆشــیار و زۆر هۆشــیار پەیدابــوون ئیــتر پەیوەندییــە گشــتییەکانیش پێویســتی بــەوە بــووە گەشــە بــە خــۆی بــدات، بەپێــی (لیزلــی) ئــەوەش لــە قۆناغــی ســێیەمەوە دەســتپێئەکات، لــە قۆناغــەکانی دواتــردا، پســپۆرانی پەیوەندییــە گشــتییەکان زیاتــر درکیــان بــەوە کــرد کــە جیاوازیــی لــە جەمــاوەردا هەیــە لــە ڕووی بەرژەوەندییــان، رۆشــنبیرییان، پەیوەندییەکانیــان و رادەی باوەڕیــان بــەو پەیامانــەی کــە ئاراســتەیان ئەکرێــت، ئەوانــەش وایــان کــرد کــە زانســتە دەروونــی و کۆمەڵایەتییــەکان ببنــە پێویســتییەکی حەتمــی لــە بــواری پەیوەندییــە گشــتییەکاندا تاوەکــو بتوانــن جەمــاوەر قایــل بکــەن. (البــادي: ٢٠١٦، ٦٩). بەمپێیــە، پەیوەندییــە گشــتییەکان لــە هەنــاوی رۆژنامەوانییــەوە ســەریهەڵداوە بــەڵام دواتــر لەگــەڵ بەرەوپێشــچوونیدا پێــی خســتووەتە نــاو بــواری بەڕێوەبردنــەوە.
پەیوەندییــە گشــتییەکان «بریتییــە بەڕێوەبــردنی کۆمیونیکەیشــن لەنێــوان دامەزراوەیــەک و جەماوەرێکــی رێکخــراو». (Shannon A. Bowen, ٢٠١٩, ١٠) لــەم پێناســەیەدا پەیوەندییــە گشــتییەکان وەکــو ئەرکێکــی رۆژنامەوانیــی دەرئەکەوێــت. رۆژنامەوانیــی لــە خەمــی ئاگادارکردنــەوەی خەڵکــی گشــتییدایە (هەمــوو خەڵــک)، لــە کاتێکــدا کــە پەیوەندییــە گشــتییەکان کار لەســەر جەمــاوەری جیــاواز و بەئامانجکــراو (ناوخــۆ و دەرەکــی) ئــەکات. (Clear Weideman, ٢٠١٧, ١٤) کەواتــە (جەمــاوەر/ وەرگــر) یەکێکــە لــەو یەکــە گرنگــەی کــە جیــاوازی لەنێــوان هــەردوو بوارەکــەدا درووســتکردووە.
توێژەرانــی ســویسرایی لــە ســاڵی (١٩٨٦) دا پێشــنیاری ئەوەیــان کــردووە کــە پەیوەنــدی لەنێــوان میدیــا و پەیوەندییــە گشــتییەکاندا ئەکرێــت بــە سیســتەمێکی تــەواوکاری/ یاخــود سیســتەمی وابەســتە بــە یەکــتر وێنــا بکرێــن. هەروەهــا لــە ســاڵانی نــەوەدەکان بــە دواوە توێــژەران چەنــد جۆرێــک لــە پەیوەنــدی و هاوبەشــی لەنێــوان رۆژنامەوانیــی و پەیوەندییــە گشــتییەکانیان پێشــنیار کــردووە، لەوانــە؛ پرۆســەی گونجانــدنی هاوبــەش «mutual processes of adaptation»، و مۆدێلــی پەیوەســتیی «interdependence model» لەنێــوان هــەردوو بوارەکــەدا. (Schönhagen, Meißner, ٢٠١٦, ٧٤٩) بەمپێیــەش هــەردوو بوارەکــە بــە بــێ یەکــتر تــەواو نابــن.
توێــژەرانی تــری پەیوەندییــە گشــتییەکان، لــە ئینفۆگرافیکێکــدا دا (وشــە پەیوەندییــدارەکان بــە پەیوەندییــە گشــتییەکان)یان خســتووەتەڕوو، بەمشــێوەیە ئامــاژە بــە هەندێکیــان ئەکەیــن لــە دیارترینــەوە بــۆ کەمدیارترینیــان کــە دەنگــدەرانی ئاماژەیــان بــۆ کــردووە، (واتــە هــەر وشــەیەک کــە لــە ســەرەتاوە هــات ئــەوە زیاتــر لــە وشــەی دواتــری نزیکــە لــەوەی کــە پەیوەندییــە

گشـتییەکان سـەرنجی ئەخاتەسـەر)، ئەوەش بەمشـێوەیە: گشـت، دامـەزراوە، خاوەنبەرژەوەنـدی، کۆمیونیکەیشـن، پەیوەندی، هاوبـەش، بنیاتنـان، ئاگادارکردنـەوە، بەهـا، بەرێوەبـردن، میدیـا، بازرگانیـی، کۆمپانیـا، پەیـام، ناوبانگ...هتـد.(Wilcox, et al, ٢٠١٥, ٣٥) لێـرەدا ئاسـتی نزیکیـی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە بـواری بەرێوەبـردن و رۆژنامەوانیـی یاخـود ڕەنگدانـەوەی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـەو دوو بـوارەدا، یاخـود نزیکـی لـەو دوو بـوارە تارادەیـەک ڕوون ئەبێتـەوە، بـە جۆرێـک کـە بەرێوەبـردن لـە تەنیشـت میدیـا هاتـووە، بـەڵام لـە فیگەرەکـەدا ڕەنگدانـەوەی (بەرێوەبـردن) زاڵـترە، ئـەوەش ڕوون ئەبێتـەوە کـە میدیـا/ رۆژنامەوانیـی زۆر نزیکـە لـەم بـوارەوە.

پەیوەندییـە گشـتییەکان ئامـرازەکانی رۆژنامەوانیـی و کۆمیونیکەیشـن بەکارئەهێنێـت بـۆ بەدیهێنـانی ئامانجـەکانی بـە جۆرێـک کـە لەگـەڵ ئایدۆلۆجیـا و رۆشـنبیریی گشـتی جەمـاوەردا بگونجێـت، بۆیـە میدیـا/ راگەیانـدن ئامرازێکـی سـەرەکییە کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە ڕێگەیـەوە هـەواڵ و زانیارییـەکانی ئەگەیەنێـت بە جەمـاوەر و هەروەهـا لە ڕێگەیـەوە ئامانجەکانی بەدیئەهێنێـت. (أنعـام، جميـل، ٢٠١٤، ١٦،٣٢) ئەمـەش تێڕوانینێکـی تـری بـاوی پسـپۆڕانی پەیوەندییـە گشـتییەکانە، بەوپێیەش رۆژنامەوانیـی ئامرازێکـی گرنـگ و پێویسـتی نـاو پەیوەندییـە گشـتییەکانە، چونکـە پەیوەندییـە گشـتییەکان کار ئـەکات بـۆ درووسـتکردنی متمانـە، پەیوەنـدی، ناوبانگـی ئەرێنـی بـۆ دامـەزراوە، رۆژنامەوانیـش بەشـدارییەکی کارای هەیـە لـەو کارانـەدا. هەروەهـا رۆژنامەنووسـانیش پشـت بـە بەشـەکانی پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەبەسـتن بـۆ دەسـتکەوتنی زانیاریـی و زۆرجـار وەکـو سـەرچاوەی هـەواڵ و زانیاریـی بەکاریانئەهێنـن. واتـە بـەشی پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەبنـە سـەرچاوەی زانیـاری و هـەواڵ بـۆ رۆژنامەوانـان. (Sissons, ٢٠١٢, ٢٧٤).

لێـرەدا ئەگەینـە ئـەوەی کـە رۆژنامەوانیـی و پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە پەیوەندییەکـی حەتمـی و بەردەوامـدان، ئامـراز و تەکنیکـەکانی کاری رۆژنامەوانیـی ئامـرازی گرنگـی کارکردنـن لـە کێڵگـەی پەیوەندییـە گشتییەکانیشـدا.

پێنجەم: لە پەیوەندیی بە بوارەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە

مـرۆڤ لـە بنەڕەتیـدا تاکێکـی کۆمەڵایەتییـە و ڕەفتـاری تاکیـش هەمیشـە کاریگـەرە بـە ژینگـەی کۆمەڵایەتـی، پەیوەندیگشـتییکاران کار ئەکـەن بـۆ ناسینەوەی رایگشـتی و ئاراسـتەکانی و هەروەهـا بـۆ بەرزکردنـەوەی هەسـتی دەروونـی (معنـوی) لەنێـوان کارمەنـدان بـە شـێوەیەک کـە وایـان لـێ ئـەکات لەبـەردەم جەمـاوەری ناوخـۆ و دەرەوەدا هەسـت بـە لێپرسراوێتـی کۆمەڵایـەتی بکـەن، بۆیـە پێویسـت ئـەکات پەیوەندیگشـتییکار تێبـگات لـە سرووشـتی کۆمەڵـەکان و ئاراسـتەکانی رایگشـتی و فاکتـەر و هـۆکارە کاریگـەرەکانی درووسـتکردن و ئاراسـتەکردنی رایگشـتی. (فرجـاني: ٢٠١٨، ٤٦). هەروەهـا پەیوەندییـە گشـتییەکان هەوڵـدەدات لـە ڕێـگای زانسـتەکانی دەروونناسـی و کۆمەڵناسـییەوە پاڵنـەرەکانی ڕەفتـاری تـاک بزانێـت کـە چـۆن هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ڕەوشـتی مرۆڤـەکان بکرێـت، بـۆ ئـەوەی بـبن بـە جەمـاوەری راسـتەقینەی ڕێکخـراو. (فخـري جاسـم وآخـرون، ١٩٨٠، ٥٦)

هەرچەنـدە پەیوەندییـە گشـتییەکان وەکـو پیشـەیەکی تایبەتمەنـد بـە شـێوەی خـۆی دەسـتپێکردووە و بـەردەوام بـووە، بـەڵام سـوود لـە ئەنجامـە زانسـتییەکانی زانسـتە کۆمەڵایەتـی و دەروونی و ڕەفتارییـەکان وەرئەگرێـت، لـە هەمـان کاتیشـدا بوارێکـە پێویسـتی بـە کاری گـرووپ و کارامەیـی و توانسـتی جۆراوجـۆر هەیـە. (البـادي، ٢٠١٦، ٦٣،٧١)، پێویسـتیی کارامەیـی و توانسـتی جۆراوجـۆر بـۆ کارکـردن لـە بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکاندا بـە هۆکارێکـی بـۆ فـراوانی ئـەم بـوارە ئەبینرێـت. ئاوێزانبـوونی پەیوەندییـە گشـتییەکان بـە بـواری دەروونناسـییەوە ئەگەرێتـەوە بـۆ سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٢٠ ئـەو دەمـەی کـە ئێـدوارد بێرنایـس Edward Bernays»باوکـی پەیوەندییـە گشـتییەکان» یەکـەم کـەس بـووە کە ئـەو پەیوەندییەی درووسـتکرد،

بێرنایس لینکێکی درووستکرد لەنێوان درووستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری جەماوەر لە ڕێگەی کۆمیونیکەیشنەوە، بێرنایس بە تەواوەتی باوەڕی وا بووە کە پەیوەندییە گشتییەکان تەواو نزیکە لە بواری دەروونناسی، هەروەها بڕوای وا بووە کە رایگشتی پرۆسەیەکی سۆزدارییە و پشتبەستووە بە داخوازی تاکەکان لەسەر هەواڵە جۆراوجۆرەکان. (Jhanvi Attavar, Neerej Dev, ٢٠٢٢,٧٤٢)

لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم کاریگەریی گەورەی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر ژیانی هاوولاتیانی ئەمریکیی (سەرزەمینی پەرەسەندنی پەیوەندییە گشتییەکان) دەرکەوت، بەمشێوەیە سەرەتاکانی پەیدابوونی چەمکی هزرەوێنە (وێنەی زەیینی) لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا دەرکەوت، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٦٠) دا نوسەری ئەمریکی لی برستۆل (Lee Bristol) کتێبی (پەرەپێدانی وێنەی دامەزراوە)ی بڵاوکردەوە، دواتر بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە بوارەکانی بازرگانی، سیاسی، رۆژنامەوانی و پیشەیی پەرەیسەند، هەروەها لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا نوسەر هێربێرت کیلمان (Herbert Kelman) لەگەڵ کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی دەروونزانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی (١٩٦٥) کتێبی (ڕەفتاری نێودەوڵەتی)یان بڵاوکردەوە. (عجوة، وعتران، ٢٠٠٨، ٤) ئەمەش وەکو ئاماژەیەک بۆ پەیوەستیی بەهێز لەنێوان بواری دەروونناسی و بواری پەیوەندی دا.

توێژەرانیش ئەڵێن، لەو لایەنەدا کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکی درووستکردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندیی (کارمەندان، جەماوەر، میدیایی) ئەکات، ئەوا پەیوەندی بە بواری دەروونناسی و ڕەفتاری ڕێکخراوەییەوە هەیە. (Dhanesh, ٢٠١٧, ٢)

پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ بواری دەروونناسییدا بە تەواوەتی پێکەوە پەیوەستن، بەوپێیەی دەروونناسی لە زانینی چۆنێتی کارکردنی هزری مرۆڤ و بڕیاردانەکانی ئەکۆڵێتەوە، بەپێی تیۆری ڕەفتارگەرایی، «ڕەفتار کاردانەوەیەکە بەرانبەر بە هاندەرە دەرەکییەکان»، ئەم تیۆرییە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە تێگەیشتن لە ڕەفتاری جەماوەر و چۆنێتی وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان. (Attavar and Dev, ٢٠٢٢, ٧٣٨-٧٤١)

زانستی دەروونناسی، ڕێڕەوێک بوو بۆ بەشێک لە توێژەران کە بڕۆنە ناو بواری کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، لە دیارترینی ئەوانەش ئێدوراد بێرنایس Edward Bernays ە کە پێشەنگێکی بواری پەیوەندییە گشتییەکانە، هەروەها بۆچوونەکانی لەسەر ئەم بوارە کاریگەریی دەروونناسی پێوە دیارە. بێرناس برازای سێگموند فرۆید Segmund Freud زانای دیاری دەروونناسی بووە، ئەکرێت کاریگەریی فرۆید-یشی لەسەر بووبێت. (Bernays, ١٩٥١, ٤)
بەوپێیەی کە پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر چەند ئاستێک کار لەسەر پەیوەندییەکان ئەکات ئەگەین بە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بوارە پێویستی بە زانستەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی هەیە.

پەیوەندیی نێوان سیاسەت و پەیوەندییە گشتییەکان مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی دیار لە سەردەمی جەنگی ساردەوە ئەم پەیوەندییە بەدەرئەکەوێت، چیتر پەیوەندییە گشتییەکان بەکارهێنرا بۆ پاڵپشتی هەوڵە سیاسییەکان، هەردوو بوارەکەش سەرنجیان لەسەر پێشخستنی ئەو دۆخی ئێستاییە. (Coombas, Holladay, ٢٠١٤, ٦١)ئەوەش دیسان وا ئەکات پەیوەندییە گشتییەکان وەکو پرۆسەیەکی درێژخایەن و ستراتیجی لە گۆشەی کۆمەڵناسی و دەروناسییەوە کار لەسەر جەماوەر بکات.

پەیوەندییە گشتییەکان وەکو بوارێک کاریگەر بووە بە بارودۆخ و گۆرانکارییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و بەتایبەتیش سەروەختی یەکەم جەنگی جیهانیی، بەهۆی زیادبوونی کاریگەرییەکانی رایگشتی، ئەم بوارە لە لایەکەوە بەکارئەهێنرا بۆ ئاراستەکردنی رایگشتی و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر، لە لایەکی ترەوە بەکارئەهێنرا بۆ

ڕوبەڕوبوونەوەی رایگشتی ناکۆک. (البادي، ٢٠١٦، ٦٤-٦٥)، ئەتوانین بڵێین ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە (پەیوەندییە گشتییەکان) تا ئەو کاتانەش شانبەشانی رۆژنامەوانیی کاری پێ کراوە و دوو بواری لێک نزیکن.

شەشەم: پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەریی

بازاڕگەریی (Marketing) یەکێکی ترە لەو لقانەی کۆمیونیکەیشن کە لێکچوون و پێکدادانی لەگەڵ پەیوەندییە گشتییەکاندا هەیە، بەپێی توێژەرێک کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا نوسیویەتی. هەروەها هەندێک پێیان وابووە کە لە پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەرییدا تەکنیکی جیاواز بەکارئەهێنرێت بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج. ئەتوانین لە زۆر ڕووەوە جیاوازیی لەنێوان هەردوو بوارەکەدا بکەین، ئەوەش بەوەی کە دەرئەنجامەکانی کاری بازاڕگەریی زووتر یان خێراتر دەرئەکەون بە بەراورد بە کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان کە ئەشێت ماوەیەکی زۆر بخایەنێت تاوەکو دەرئەنجامەکانی چالاکییەکانی دەرئەکەون، ئەوەش تایبەتمەندێتییەکە پەیوەندییە گشتییەکانی پێ ئەناسرێتەوە. (Gesualdi, ٢٠١٩, ٣٧٢-٣٧٥) واتا چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و مەودای کاریگەرێتیی کارەکانی بە ئاسانی ناپێورێت، یاخود درەنگ کاردانەوەکانەکانی ئەزانرێت کە لە هەڵسوکەوت و کرداری جەماوەرەوە دەرئەکەوێت، بەڵام لە بازاڕگەرییدا زووتر کاردانەوەکان ئەزانرێن، ئەمەش ئەوە دەرئەخات کە هەردوو بوارەکە لە بنچینەوە بۆ مەبەست و ئامانجی جیاواز پەیدابوون.

توێژەرانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەریی بە گریمانەیەک سەرنجی هەردوو بوارەکە ئەدەن، بە شێوەیەک کە ئەگەر بێتو بەبازاڕکردن بخرێتە ژێر ڕکێفی کارگێریی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، ئەوا بازرگانان بۆیان هەیە بپرسن چۆن پەیوەندیگشتییکار ئەتوانێت نرخ دابنێت یان بەرنامەیەکی کاریگەر بۆ نوێنەری فرۆشتن دابنێت؟ لێرەوە تێڕوانینی جیاواز و نییەتی جیاوازی هەردوو بوارەکەمان بۆ دەرئەکەوێت بەوەی کە پەیوەندییە گشتییەکان کار لەسەر ستراتیج و چاوەڕوانی درێژخایەن ئەکات، لە بازاڕگەرییدا سەرنج تەنها لەسەر لایەنی قازانج و داراییە. (Grunig J. E., ١٩٩٨, ١٤٣) لەگەڵ ئەوانەشدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی تەواوکاریی لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەرییدا هەیە، پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکیی ئەگێرێت لە بازاڕگەرییدا و بازاڕگەریی ناتوانێت بەردەوامیی هەبێت ئەگەر پەیوەندییە گشتییەکانی لەگەڵ نەبێت، یەکێک لەو هۆکارانەش ئەوەیە کە بازاڕگەریی پێویستی بە تەکنیک و شێوازەکانی پەیوەندییە گشتییەکان هەیە بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی سەر دامەزراوە یاخود براندەکە، هەروەها بۆ قایلکردنیان و وەڵامدانەوەی ڕەخنەکانی جەماوەر، پێویستە پەیوەندییە گشتییەکان ئامادەیی هەبێت. سەرەرای جیاوازییەکان لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەرییدا، کۆمەڵێک جیاوازی ڕووکەش و دیاریش لەنێوانیاندا هەیە، پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵئەدات شانبەشانی جەماوەر بڕوات و هاوڕێیەتییان بکات، بەڵام بازاڕگەریی ڕوبەڕوویان ئەبێتەوە، پەیوەندیگشتییکار هەوڵدەدات جەماوەر بە دامەزراوە بناسێنێت بەڵام بازاڕگەریی هەوڵی ئەوە دەدات کە بەرهەمەکەی بە جەماوەر بناسێنێت، هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵئەدات ئەو ڕێگایانە بگرێتەبەر کە ئەیگەیەنێت بە جەماوەر، بەڵام لە بازاڕگەرییدا ئەو ڕێگایانە ئەگیرێتەبەر کە بەرهەمەکە بە جەماوەر ئەگەیەنێت. (امین، وکاکەشیخ، ٢٠٢١، ١٠٤)

توێژەران پێیان وایە: جیاوازیی بنچینەیی لە فەلسەفەی پەیدابوون و شێوازی کارکردنی (پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەریی)دا هەیە، ئەوەش سەرەرای ئەوەی هەریەکێک لەو بوارانە تیۆری تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام هەردوو بوارەکەش لە پەیوەندییەکی ڕاستوخۆ و تەواوکارییدان.

سێیەم: لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە

بە ئامانجی تێگەیشتن لە تێڕوانینی ئەکادیمستانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە چوارچێوەی بوارەکە و هەروەها ئاشنابوون بە دیدی ئەوان لەبارەی هەندێک بابەتی پەیوەست بە ناسنامەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، توێژەران فۆرمێکی راپرسییان درووستکرد، بەمەبەستی وەرگرتنی تێڕوانین و بۆچوونی هەڵگرانی بڕوانامە باڵاکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەبارەی بوارەکەیانەوە، لە پاش جێبەجێکردنی رێکارە زانستییەکان دابەشیانکرد بەسەر خاوەن بڕوانامە باڵاکان (ماستەر و دکتۆرا) لە پسپۆڕیی پەیوەندییە گشتییەکاندا، لەو رێگایەوە هەوڵدراوە رای ئەم توێژە گرنگ و پەیوەندییدارە بە بوارەکەوە بزانرێت، پێش بڵاوکردنەوەی فۆرمە راپرسییەکەش بە مەبەستی دەرهێنانی راستی رواڵەتی (صدق الظاهري) بۆ هەڵسەنگاندن و پێدانی سەرنجی پێویست، فۆرمەکە خرایە بەردەستی سێ پسپۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان و کارگێڕیی و بەڕێوەبردن ، لەژێر رۆشنایی سەرنج و پێشنیارەکانیاندا دووبارە بەشێک لە پرسیارەکانی فۆرمەکە دارێژرانەوە، بەمەش رێژەی راستی رواڵەتی فۆرمەکە گەیشتە (٩٢,٤٧٪) هەروەها بۆ دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی فۆرمی راپرسی؛ توێژەران فۆرمەکەیان بەسەر (٣) بەرتوێژدا دابەشکرد کە ئەکاتە زیاتر لە (١٠٪) ی نمونەی توێژینەوەکە، دوای دوو هەفتە بۆ جاری دووەم فۆرمەکەیان پێ درایەوە بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکانی، بە بەکارهێنانی پێوانەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ بەراوردکردنی وەڵامەکانی جاری یەکەم و دووەم، رێژەی جێگیریی فۆرمەکە بەمشێوەیە دەرچوو (٠,٨٣٧).

لە خوارەوە زانیارییەکان دەربارەی بەرتوێژان و وەڵامەکانیان بۆ فۆرمی راپرسییەکە بە شێوەیەکی زانستی ئەخەینەڕوو:

تەوەری یەکەم: زانیاریيە دیمۆگرافییەکان

زۆرینەی بەرتوێژان لە سنووری ناوەندی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرن کە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەیان داوەتەوە، بە رێژەی (٦٤٪) لە رەگەزی نێرینە و (٣٦٪)یان لە رەگەزی مێینەن، ئەوەش دەریئەخات کە لە رووی رەگەزەوە هەڵگرانی بڕوانامە باڵاکانی پەیوەندییە گشتییەکان بە جیاوازییەکی زۆر؛ زیاترینیان لە رەگەزی نێرینەن بەراورد بە رەگەزی مێینە.

وەکو سنووری شوێنی بەرتوێژان، پلەی یەکەمی بەرتوێژان بە رێژەی (٣٦٪) ئەکەونە ناو زانکۆی سلێمانی، لە پلەی دووەم و بە رێژەی(٢٠٪) ئەکەونە ناو زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، لە پلەی سێیەمدا بە رێژەی (١٦٪) ئەکەونە ناو زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و بە هەمان رێژەی بەرتوێژانیش کە ئەکاتە (١٦٪) لە هیچ دامەزراوەیەکدا کارناکەن، لە پلەی چوارەمدا و بە هەمان رێژەی (٤٪)ی بەرتوێژان ئەکەونە نێو زانکۆکانی (سەلاحەدین، جیهان-هەولێر و پەیمانگەی هەولێری تایبەتی ناحکومی). لەم ئەنجامەش ئەوە ئەخوێنرێتەوە کە زۆرینەی خاوەن بڕوانامە باڵاکانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەکەونە سنووری ناوەندی شاری سلێمانی.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بە رێژەی (٥٢٪) تەمەنیان لەنێوان (٣٨-٤٤)ساڵە، پلەی دووەم بە رێژەی (٤٠٪) تەمەنیان لەنێوان (٣١-٣٧) ساڵە، پلەی سێیەم بە رێژەی(٤٪) یش بۆ هەردوو تەمەنی (٢٤-٣٠) و هەروەها تەمەنی سەروو (٤٥) ساڵەوەیە. لە رووی بڕوانامەوە، زۆرینەی بەرتوێژان بە رێژەی (٧٢٪) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و بە رێژەی (٢٨٪) هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران، ئەو دوو ئەنجامەی کۆتاییش دەریئەخات کە ماوەیەکی زۆر نییە دەرفەتی خوێندنی باڵا لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا بۆ خوازیاران رەخسێندراوە. سەرجەمی بەرتوێژانیش پسپۆڕییەکانیان بریتییە لە

(پەیوەندییە گشتییەکان). بڕوانە خشتەی (١) :

خشتەی ١: زانیارییە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژانی توێژینەوەکە، پێکدێن لە پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان:

| بڕگە | | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز/ توخم | نێر | 16 | 64 | یەکەم |
| | مێ | 9 | 36 | دووەم |
| | کۆی گشتی | 25 | 100 | - |
| شوێنی کارکردن | زانکۆی سلێمانی | 9 | 36 | یەکەم |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | 5 | 20 | دووەم |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | 4 | 16 | سێیەم |
| | لە هیچ دامەزراوەیەکدا کارناکەم | 4 | 16 | |
| | زانکۆی سەلاحەدین | 1 | 4 | چوارەم |
| | زانکۆی جیهان-هەولێر | 1 | 4 | |
| | پەیمانگەی هەولێری ئاکەدیمی | 1 | 4 | |
| | کۆی گشتی | 25 | 100 | |
| تەمەن | 24-30 | 1 | 4 | سێیەم |
| | 31-37 | 10 | 40 | دووەم |
| | 38-44 | 13 | 52 | یەکەم |
| | 45 بەرەو سەرەوە | 1 | 4 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 25 | 100 | |
| پسپۆڕیی | پەیوەندییە گشتییەکان | 25 | 100 | یەکەم |
| ئاستی خوێندن | ماستەر | 18 | 72 | یەکەم |
| | دکتۆرا | 7 | 28 | دووەم |

تەوەری دووەم: پرسیارە سەرەکییەکان

تێڕوانینی خاوەن بڕوانامە باڵاکانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان لەبارەی بوارەکەیانەوە

دەربارەی تێڕوانینان لەسەر بواری پەیوەندییە گشتییەکان، زۆرینەی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٤١٪) پێیان وایە کە بوارێکی کارگێڕی و بەڕێوەبردنە، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (٢٥,٦٤٪) ی بەرتوێژان پێیانوایە کە بوارێکی سەربەخۆیە، لە پلەی سێیەم و بە ڕێژەی (٢٠,٥٪) پێیان وایە کە بوارێکی بازارگەرییە، کەمترین بەرتوێژیش بە ڕێژەی (٨٢٪) پێیان وایە کە بوارێکی ڕۆژنامەوانییە. ئەم ئەنجامەش دەریئەخات کە پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنە، دوورە لەوەی بوارێکی ڕۆژنامەوانی بێت. تێبینی: لێرەدا ڕێژەی سەدیی هەر وەڵامێک (هەڵبژاردەیەک) دەرهێنراوە: بڕوانە خشتەی (٢).

خشتەی ٢

تێڕوانین لەسەر بواری پەیوەندییە گشتییەکان

| بڕگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کارگێڕیی و بەڕێوەبردنە | 16 | 41 | یەکەم |
| سەربەخۆیە | 10 | 25.64 | دووەم |
| بازارگەرییە | 8 | 20.5 | سێیەم |
| ڕۆژنامەوانییە | 5 | 82 | چوارەم |

کاریگەریی تەکنەلۆجیا لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان

دەربارەی کاریگەری تەکنەلۆجیا لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان، زۆرینەی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٤٠٪) پێیان وایە کە پەیوەندییە گشتییەکانی زیاتر بەرەو بوارێکی سەربەخۆ برد، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (٢٨,٥٧٪) پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکانی زیاتر بەرەو بواری ڕۆژنامەوانی بردووە، لە پلەی سێیەم و بە ڕێژەی (٢٥,٧١٪) پێیانوایە زیاتر لەگەڵ کارگێڕیی و بەڕێوەبردندا نزیکی کردووەتەوە، کەمترین بەرتوێژیش بە ڕێژەی (٥,٧١٪) پێیان وایە هیچ کاریگەرییەکی نەبووە. تێبینی: لێرەدا ڕێژەی سەدیی هەر وەڵامێک (هەڵبژاردەیەک) دەرهێنراوە: بڕوانە خشتەی

:(٣)

خشتەی ٣

پکارییگەریی ێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان

| بڕگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| زیاتر کردی بە بوارێکی سەربەخۆ | 14 | 40 | یەکەم |
| لەگەڵ رۆژنامەوانییدا زیاتر تێکەڵ بوون | 10 | 28.57 | دووەم |
| لەگەڵ کارگێڕیی و بەڕێوەبردندا زیاتر تێکەڵ بوون | 9 | 25.71 | سێیەم |
| هیچ کاریگەرییەکی نەبوو | 2 | 5.71 | چوارەم |

کاریگەریی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر رۆژنامەوانی و کارگێڕیی و بەڕێوەبردن

زۆرینــەی بەرتوێــژان، بــە رێــژەی (٦٤٪) پێیانوایــە پەیوەندییــە گشــتییەکان گۆرانکاریــی بەرچــاوی بەســەر رۆژنامەوانیــی، کارگێڕیــی و بەڕێوەبردنــدا هێنــاوە، لــە پلــەی دووەم و بــە رێــژەی (٣٢٪) دڵنیــا نیــن لــە درووســتبوونی ئــەو گۆرانکارییــە، لــە پلــەی ســێیەم و بــە رێــژەی (٤٪) پێــی وایــە نەخێــر کاریگــەری نەبــووە بەســەر رۆژنامەوانیــی و کارگێڕیــی و بەڕێوەبردنــەوە. بەمشــێوەیەش دەرئەکەوێــت کــە پەیوەندییــە گشــتییەکان بوارێــک بــووە ســەرەتا لــە دەرەوەی هــەردوو بــواری رۆژنامەوانیــی، کارگێڕیــی و بەڕێوەبــردن بــووە، دواتــر نزیکبونەتــەوە لــە یەکــتر.

خشتەی ٤

پەیوەندییە گشتییەکان  و گۆرانکاریی کاری رۆژنامەوانی و کارگێڕیی و بەڕێوەبردن

| بڕگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 16 | 64 | یەکەم |
| دڵنیانیم | 8 | 32 | دووەم |
| نەخێر | 1 | 4 | سێیەم |

کاریگەریی بەرفراوانی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر ناروونیی بوارەکە

زۆرینــەی بەرتوێــژان، لــە پلــەی یەکــەم و بــە رێــژەی (٤٨٪) پێیانوایــە کــە بەهــۆی زۆریــی و بەرفراوانیــی ئەرکەکانییــەوە ناروونیــی بــە دەوری بــواری پەیوەندییــە گشــتییەکاندا درووســتبووە، لــە پلــەی دووەمــدا و بــە رێــژەی (٢٨٪) دڵنیــا نیــن لــەوەی بەهــۆی فــراوانی ئەرکەکانییــەوە ناروونیــی بــە دەوری پەیوەندییــە گشــتییەکاندا درووســت بوبێــت، لــە پلــەی ســێیەمدا و بــە رێــژەی (٢٤٪) پێیانوایــە کــە بەرفراوانیــی ئەرکــەکانی پەیوەندییــە گشــتییەکان هــۆکار نییــە بــۆ درووســتبوونی ناروونیــی لــە دەوری چوارچێــوەی بوارەکــە. لــەم ئەنجامــەوە دەرئەکەوێــت کــە بەهــۆی ئــەوەی فرەیــی و زۆریــی لــە ئەرکــەکانی پەیوەندییــە گشــتییەکاندا هەیــە، ئــەوا ناروونییــش دەوری بوارەکــەی داوە. چونکــە لــە ئەرکــەکانی پەیوەندییــە گشــتییەکاندا ئــەوە بەدیئەکرێــت کــە لــە یــەک کاتــدا ئەرکــی رۆژنامەوانیــی و کارگێڕیــی هەیــە.

خشتەی ٥

بەرفراوانیی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و کاریگەریی لەسەر بناروونیی بواری پەیوەندییە گشتییەکان

| بڕگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 12 | 48 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 7 | 28 | دووەم |
| نەخێر | 6 | 24 | سێیەم |

کاریگەریی کردنەوەی بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر سەربەخۆبوونی بوارەکە

زۆرینـەی بەرتوێـژان، لـە پلـەی یەکـەم و بـە ڕێـژەی (٧٦٪) پێیـان وایـە کـە کردنـەوەی بەشـەکانی پەیوەنـدی گشـتی لـە زانکـۆ و پەیمانگەکانـدا هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی کـە ئـەم بـوارە لـە داهاتـوودا بـە یەکجاریـی سـەربەخۆ ببێـت و ئـەو ناڕوونییـەی لـە دەور نەمێنێـت کـە بەهـۆی کارگێڕیـی و بەڕێوەبـردن، ڕۆژنامەوانییـەوە دروسـتبوون، لـە پلـەی دووەمـدا و بـە ڕێـژەی(١٦٪) .

خشتەی ٦

کاریگەریی کردنەوەی بەشەکانی پەیوەندییەگشتییەکان لەسەر پێگەکەیە بە پێی بوارەکانی تری ڕاگەیاندن و کارگێڕیی

| ەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| ڵێ | 19 | 76 | یەکەم |
| ا نیم | 4 | 16 | سێیەم |
| خێر | 2 | 8 | دووەم |

ناڕوونیی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

زۆرینـەی بەرتوێـژان، لـە پلـەی یەکـەم و بـە ڕێـژەی (٨٤٪) پێیانوایە لە هەرێمـی کوردسـتاندا ناڕوونیی بـە دەوری چوارچێوەی بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکاندا هەیـە، لـە پلـەی دووەم و بـە ڕێـژەی (١٢٪) دڵنیـا نیـن لـەوەی کـە ناڕوونییـی بـە دەوری بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکاندا هەبێـت، لـە پلـەی سـێیەم و بـە ڕێـژەی(٤٪) پێـی وایـە نەخێـر ئـەو ناڕوونییـە بەدیناکرێـت. لـەم ئەنجامـەوە دەرئەکەوێـت کـە بـە دڵنیاییـەوە ناڕوونییـی بـە دەوری چوارچێـوەی بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکانەوە بەدیئەکرێـت، ئـەوەش بـۆ جیـاوازی زۆری وەڵامـەکان ئەگەڕێتـەوە کـە ژمارەیەکـی بەرچـاوی بەرتوێـژان هەسـت بـەو ناڕوونییـە ئەکـەن.

خشتەی ٧

پرسی هەبوونی ناڕوونیی بە دەوری چوارچێوەی بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان

| بڕگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 21 | 84 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 3 | 12 | دووەم |
| نەخێر | 1 | 4 | سێیەم |

### ناروونیی پەیوەندییە گشتییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرەوەدا

بەرتوێـژان، لـە پلـەی یەکـەم و بـە ڕێـژەی هاوشـێوە (٤٠٪) پێیانوایـە کـە بەڵـێ ناروونیـی بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە وڵاتـانی دەرەوەش بـە هەمانشـێوەیە، بـە هەمـان ڕێـژە دڵنیـا نیـن لـەوەی کـە ئایـا لـە وڵاتـانی دەرەوەش هەمـان ناروونیـی هەیـە یاخـود نییـە، لـە پلـەی دووەم و بـە ڕێـژەی (٢٠٪) پێیانوایـە نەخێـر ئـەو ناروونییـەی لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە دەوری بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکانەوە هەیـە لـە وڵاتـانی دەرەوە نییـە. ئـەم ئەنجامـەش دەریئەخـات، بـە خوێندنـەوە و تێگەیشـتنی بەرتوێـژان تارادەیـەک ناروونیـی بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە وڵاتـانی دەرەوەش هەیـە.

خشتەی ٨

گرفتی ناروونیی بواری پەیوەندییە گشتییەکان  لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 10 | 40 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 10 | 40 | |
| نەخێر | 5 | 20 | دووەم |

### هۆکارەکانی ناروونیی پەیوەندییە گشتییەکان

بـە رای بەرتوێـژان ناروونیـی بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان چەندیـن هـۆکاری هەیـە، تەنهـا (١٤)بەرتوێـژ وەڵامـی ئـەم پرسـیارەیان داوەتـەوە و (٢٤) وەڵامیـان هەڵبـژاردووە، لـە پلـەی یەکـەم بـە ڕێـژەی (٣٧,٥٪) هـۆکاری ناروونیـی بوارەکەیـان گەڕاندووەتـەوە بـۆ تازەیـی لـە بـواری خوێنـدن و پراکتیزەکردنییـدا، لـە پلەی دووەمـدا و بـە ڕێـژەی(٣٣,٣٣٪) گەڕاندویانەتەوە بـۆ تێکەڵـی ئـەم بـوارە لەگـەڵ زانسـتەکانی تـردا، لـە پلـەی سـێیەم و بـە ڕێـژەی (٢٩٪) هۆکارەکەیـان گەڕاندووەتـەوە بـۆ کەمیـی پسـپۆڕی بوارەکـە. بەپێـی ئـەم ئەنجامـەش، بەرتوێـژان پێیـان وایـە پەیوەندییـە گشـتییەکان بوارێکـی تازەیـە لەبەرئەوەیـە کـە ناڕوونـە، هەروەهـا لـە پلـەی دووەمـدا پێیـان وایـە کـە بوارەکـە تێکـەڵ بـە بـوارەکانی تـر بـووە لەبەرئەوەیـە کـە ناڕوونـە، بەمپێیـەش بەرتوێـژان جارێکـی تـر دووپـاتی ئەکەنـەوە کـە بوارەکـە ناڕوونـە و بـۆ ئـەوەش هۆکارەکیانیـان خسـتووەتەڕوو. تێبینـی: ڕێـژەی سـەدیی وەڵامـەکان (هەڵبـژاردەکان) دەرهێـنراون:

خشتەی ٩

هۆکاری هەبوونی ناڕوونیی بە دەوری چوارچێوەی بواری پەیوەندییە گشتییەکانەوە

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| تازەیی لە بواری خوێندن و پراکتیزەکردنی | 9 | 37.5 | یەکەم |
| تێکەڵیی لەگەڵ زانستەکانی تر | 8 | 33.33 | دووەم |
| کەمیی پسپۆڕی بوارەکە | 7 | 29 | سێیەم |
| هۆکاری تر.. | 0 | 0 | - |

### بازنەی هەریەک لە بوارەکانی (پەیوەندییە گشتییەکان، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، ڕۆژنامەوانیی)

دەربـارەی بازنـەی بـوارەکان و جێگەبوودنـەوەی (پەیوەندییـە گشـتییەکان، ڕۆژنامەوانـی، کارگێڕیـی و بەڕێوەبـردن) لەنـاو یەکـتردا، یاخـود دەربـارەی سـەربەخۆبوونی هەریەکەیـان، لـە پلـەی یەکـەم و بـە ڕێـژەی (٢٧,٩٠٪) ی بۆچـوونی بەرتوێـژان بـۆ ئەوەیـە کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان لەنـاو کارگێڕیـی و بەڕێوەبردنـدا جێگـەی ئەبێتـەوە، لـە پلـەی دووەم و بـە ڕێـژەی

(٢٥,٥٨) تێڕوانینی بەرتوێژان وایە کە رۆژنامەوانیی لەناو پەیوەندییە گشتییەکاندا جێگەی ئەبێتەوە، لە پلەی سێیەم و بە رێژەی (١٨,٦٠) ی بۆچوونەکان وایە کە کارگێڕیی و بەرێوەبردنیش لەناو پەیوەندییە گشتییەکاندا جێگەی ئەبێتەوە، لە پلەی چوارەم و بە رێژەی (١٦,٢٧) رایان وایە کە پەیوەندییە گشتییەکانیش لەناو رۆژنامەوانیدا جێگەی ئەبێتەوە، کەمترین بۆچوونیش بە رێژەی (١١,٦٢٪) بۆ ئەوەیە کە هەریەکەیان بوارێکی سەربەخۆ بن. ئەمەش ئەنجامێکی تری گرنگە کە دووپاتی دەکاتەوە بوارەکانی (پەیوەندییە گشتییەکان، رۆژنامەوانی، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن) کاریگەرن بەسەر یەکەوە و زۆر بە کەمیی بواری سەربەخۆبوونی یەکتر ئەدەن. ئەم ئەنجامە دەری ئەخات، کە هەرسێ بوارەکە تێکەڵی یەکتر بوون، زۆرترین را/ بۆچوون وایە کە رۆژنامەوانیی ئەکەوێتە ناو پەیوەندییە گشتییەکانەوە و پەیوەندییە گشتییەکانیش ئەکەوێتە ناو بواری کارگێڕیی و بەرێوەبردنەوە. ئەم ئەنجامەش بە تەواوکاری ئەبینرێت بۆ سەلماندنی هەبوونی ناروونیی لە دەوری بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا. تێبینی: لێرەدا رێژەی سەدیی هەر وەڵامێک (هەڵبژاردەیەک) دەرهێنراوە، بڕوانە خشتەی (١٠):

خشتەی ١٠

جیاکردنەوەی بوارەکانی پەیوەست بە راگەیاندنەوە

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| پەیوەندیە گشتییەکان لەناو کارگێڕیی و بەرێوەبردندا | 12 | 27.90 | یەکەم |
| رۆژنامەوانیی لەناو پەیوەندیە گشتییەکاندا | 11 | 25.58 | دووەم |
| کارگێڕیی و بەرێوەبردن لەناو پەیوەندیە گشتییەکاندا | 8 | 18.60 | سێیەم |

**ئەو وانانەی کە پێویستن لە بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان هەبن**

دەربارەی ئەو وانانەی کە پێویست ئەکات خوێندکارانی بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان وەکو وانەی ئەکادیمی وەریانبگرن، بەرتوێژان بە پلەی یەکەم و بە رێژەی (١٥,٩٢٪) ئاماژەیان بۆ وانەی (پەیوەندییەکان) کردووە، لە پلەی دووەم و بە رێژەی (١٣,٣٧٪) ئاماژەیان بۆ وانە کارگێڕییەکان کردووە، لە پلەی سێیەم و بە رێژەی(١٢٪) ئاماژەیان بۆ وانەی بازاڕگەریی کردووە، لە پلەی چوارەم و بە رێژەی (١١,٤٦٪) ئاماژەیان بۆ وانە رۆژنامەوانییەکان کردووە و پاشان بە رێژەی(١٠,٨٢٪) ئاماژەیان بە وانە (تەکنەلۆجییەکان، دەروونزانییەکان) کردووە. ئەم ئەنجامەش دەریئەخات کە تێڕوانینی باوی ئەکادیمستانی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەو جۆرەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی کارگێڕیی و بەرێوەبردنە نەوەک رۆژنامەوانی، هەروەها بە پێویستی ئەزانن خوێندکارانی بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان وانەکانی (پەیوەندییەکان، کارگێڕییەکان، بازاڕگەرییەکان، رۆژنامەوانییەکان، تەکنەلۆجییەکان و دەروونزانییەکان) وەربگرن، چونکە پیشەی پەیوەندییە گشتییەکان پشت بە کاری دەستەجەمعی و بەهرە و توانایی جیاواز ئەبەستێت. جارێکی تر ئەم ئەنجامەش فرەکارامەیی و فرەبواریی پەیوەندییە گشتییەکان دەرئەخات. تێبینی: لێرەدا رێژەی سەدیی هەر وەڵامێک (هەڵبژاردەیەک) دەرهێنراوە، بڕوانە خشتەی (١١):

خشتەی ١١:

پەیڕەویی خوێندنی پێویست بۆ بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکان

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| پەیوەندییەکان | 25 | 15.92 | یەکەم |
| کارگێڕییەکان | 21 | 13.37 | دووەم |
| بازارگەرییەکان | 19 | 12 | سێیەم |
| ڕۆژنامەوانییەکان | 18 | 11.46 | چوارەم |
| تەکنەلۆجییەکان | 17 | 10.82 | پێنجەم |
| دەروونزانییەکان | 17 | 10.82 | |
| سیاسییەکان | 16 | 10 | شەشەم |
| زمانە بیانییەکان | 13 | 8.28 | حەوتەم |
| یاساییەکان | 11 | 7 | هەشتەم |

**کام کۆلێج جێگەی گونجاوە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان**

زۆرینـەی بەرتوێـژان لـە پلـەی یەکـەم و بـە ڕێـژەی(٤٨٪) پێیـان باشـە کـە بـەشی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە چوارچێـوەی کۆلێجـی زانسـتە مرۆڤایەتییەکانـدا بێـت، لـە پلـەی دووەم و بـە ڕێـژەی (٢٠٪) ی ئامـاژەکان بـۆ هـەردوو کۆلێجـی (کارگێڕیـی و ئابـوری، بازرگانـی) ڕۆیشـتوون، کەمتریـن بەرتوێژیـش لـە پلـەی سـێیەمدا ئاماژەیـان بـۆ کۆلێجـی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان کـردووە. لێـرە دەرئەکەوێـت کـە زۆرترینـی بەرتوێـژەکان پێیـان باشـە کـە بـەشی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە چوارچێـوەی کۆلێجـی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان بێـت. دیسـان ناروونیـی بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە وەڵامـی بەرتوێژانـدا بـەدی ئەکرێـت کـە بـە ڕێـژەی هاوشـێوە و (٢٠٪) ئامـاژە بـۆ کۆلێجـی کارگێڕیـی و ئابـوری و(٢٠٪) ی تـر ئامـاژە بـۆ کۆلێجـی بازرگانـی ئەکـەن.

خشتەی ١٢

کام کۆلێج گونجاوە بۆ پسپۆڕیی پەیوەندییە گشتییەکان

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان | 12 | 48 | یەکەم |
| کۆلێجی کارگێڕیی و ئابوری | 5 | 20 | دووەم |
| کۆلێجی بازرگانی | 5 | 20 | |
| کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 2 | 8 | سێیەم |
| هی تر | 1 | 4 | |

**سەربەخۆبوونی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە جیاوازەکاندا**

زۆرترینـی بەرتوێـژان بـە ڕێـژەی (٩٢٪) پێیـان باشـە بەشـەکانی پەیوەندییـە گشـتییەکان لـە زانکـۆ و پەیمانگـەکان و لـە هـەر دامەزراوەیەکـی تـردا بەشـێکی سـەربەخۆ بێـت، نـەوەک لـە چوارچێـوەی بـەشی دیکـەدا وەکـو وانەیـەک بخوێندرێـت، لـە پلـەی دووەمـدا و بـە ڕێـژەی (٨٪) ی بەرتوێـژان دڵنیـا نیـن لـەوەی کـە ئایـا بەشـەکە سـەربەخۆ بێـت یاخـود لـە چوارچێـوەی بـەشی تـردا بێـت. ئـەم ئەنجامـەش ئەکرێـت وەهـا بخوێندرێتـەوە کـە پسـپۆڕانی پەیوەندییـە گشـتییەکان ئـەو متمانەیەیـان بـە بوارەکـە هەیـە کـە سـەربەخۆ بتوانێـت خوێنـدکار وەربگرێـت و بـە هەمانشـێوەش لـە دامـەزراوە جیاوازەکانـدا بەشـێکی سـەربەخۆ بێـت بـۆ بەڕێوەبـردنی کاروبـارەکانی.

خشتەی ١٣

پێویستبوونی هەبوونی خوێندنی پەیوەندییە گشتییەکانلە دامەزراوەکانی خوێندن دا بە حوکومیی و تایبەتەوە

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 23 | 92 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 2 | 8 | دووەم |
| نەخێر | 0 | 0 | - |

**مانابەخشیی تەواوەتی (راگەیاندن و پەیوەندییەکان) لە دامەزراوەکاندا**

زۆرتریـنی بەرتوێـژان لـە پلـەی یەکەمـدا و بـە رێـژەی (٥٦٪) پێیـان وایـە کـە ناونیشـانی (راگەیانـدن و پەیوەندیـیـەکان) لـە دامەزراوەکانـدا گوزارشـتی تـەواو نـاکات لـە بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان، لـە پلـەی دووەمـدا و بـە رێـژەی (٢٤٪) دڵنیـا نیـن لـەوەی کـە ئایـا ئـەو ناونیشـانە گوزارشـتی تـەواوەتی لـە بـەشی پەیوەندییـە گشـتییەکان ئـەکات یاخـود نـا، لـە پلـەی سـێیەمدا و بـە رێـژەی (٢٠٪) پێیـان وایـە ئـەو ناونیشـانە گوزارشـت لـە بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان ئـەکات. بـە رای توێـژەران لـەم ئەنجامـەوە ئـەوە ئەخوێندرێتـەوە کـە پەیوەندییـە گشـتییەکان چەمکێکـی سـەربەخۆیە و بـە هەبـوونی هـەر پاشـگر یاخـود پێشـگرێکی دیکـە لەگەڵیـدا ئـەوا راسـتەوخۆ گوزارشـت لـە بـەشی پەیوەندییـە گشـتییەکان ناکرێـت.

خشتەی ١٤

گوزارشتی ناونیشانی (راگەیاندن و پەیوەندییەکان) بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکاندا

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 5 | 20 | سێیەم |
| دڵنیا نیم | 6 | 24 | دووەم |
| نەخێر | 14 | 56 | یەکەم |

**پێشنیار بۆ ناوێکی جێگیرەوە بۆ بەشی (راگەیاندن و پەیوەندییەکان)**

لـە ئەنجامـی ئـەم پرسـیارەدا کـە (١٣) بەرتوێـژ وەڵامیـان داوەتـەوە، لـە پلـەی یەکەمـدا و بـە رێـژەی (٧٦,٩٢٪) ی بەرتوێـژان پێیـان وایـە لـە دامـەزراوە و فەرمانگەکانـدا؛ تەنهـا ناونیشـانی (پەیوەندییـە گشـتییەکان) ئەتوانێـت گوزارشـتی تەواوەتـی بکات لـە بوارەکـە، لـە پلـەی دووەم و رێـژەی (٢٣٪) ی بەرتوێـژان پێیـان وایـە ناونیشـانی (بەڕێوەبـردنی پەیوەندیـیـەکان) ئەتوانێـت گوزارشـت لـە راگەیانـدن و پەیوەندییـە گشـتییەکان بـکات. ئـەم ئەنجامـە وا لێـک ئەدرێتـەوە، کـە ئەتوانرێـت لەنـاو بـەشی (پەیوەندییـە گشـتییەکان) دا چالاکـی راگەیانـدن و پەیوەندییکردنیـش ئەنجامبدرێـت، بـەڵام راگەیانـدن و پەیوەندیـیـەکان گوزارشـتی تـەواوەتی لـە ئـەرک و چالاکییـەکانی پەیوەندییـە گشـتییەکان نـاکات.

خشتەی ١٥

پێشنیار بۆ ئەگەری هەبوونی ناوێکی جێگرەوە بۆ بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| پەیوەندییە گشتییەکان | 10 | 76.92 | یەکەم |
| بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان | 3 | 23 | دووەم |

## ئایا ئەم توێژینەوە بە هەوڵێکی باش ئەبینرێت؟

بەپێـی ئەنجامـی کۆتاخشـتە، زۆرترینـی بەرتوێـژان لـە پلـەی یەکـەم و بـە ڕێـژەی (٥٢٪) گەشـبینن بـە ئەنجامـدانی ئـەم توێژینەوەیـە و پێیـان وایـە ئەبێتـە هەوڵێـک بـۆ ڕەواندنـەوەی ئـەو نارووننییـەی لـە دەوری چوارچێـوەی بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان هەیـە، لـە پلـەی دووەمـدا و بـە ڕێـژەی (٤٤٪) ی بەرتوێـژان دڵنیـا نیـن لـەوەی کـە ئـەم توێژینەوەیـە بتوانێـت ئـەو نارووننییـە بڕەوێنێتـەوە، ڕێـژەی (٤٪) ی بەرتوێژانیـش پێیـان وایـە کـە ئـەم توێژینەوەیـە ناتوانێـت ئـەو نارووننییـە بڕەوێنێتـەوە کـە لـە دەوری چوارچێـوەی بـوار و ناسـنامەی پەیوەندییـە گشـتییەکان هەیـە. ئـەوەی لـەم ئەنجامـەوە لێـک ئەدرێتــەوە ئەوەیــە کــە هەوڵــەکانی ئەکادیمســتانی پەیوەندییــە گشــتییەکان لــە پێنــاو دیارییکــردنی چوارچێــوەی بــواری پەیوەندییـە گشـتییەکان ئەبێتـە هـۆی سـاغکردنەوەی ناسـنامەی بوارەکـە، بـەو هۆیەشـەوە چیـتر ئەتوانرێـت لـە هەرێمـی کوردسـتاندا لـە ڕووی ئەکادیمییـەوە پـەرە بـەم بەشـە بدرێـت، چ لـە ڕووی ڕەخسـاندنی دەرفـەتی خوێنـدن لـە زانکـۆ و پەیمانگـەکان، و لـە ڕووی برەوپێـدانی خوێنـدنی بـاڵا لـە بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکاندا.

خشتەی ١٦

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە وەک هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی ناڕوونیی لە دەوری بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا

| برگەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 13 | 52 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 11 | 44 | دووەم |
| نەخێر | 1 | 4 | سێیەم |

## ئەنجامەکان

توێژینەوەکە لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە کە ئەمانەن:

١. ناروونیـی دەوری پەیوەندییـە گشـتییەکانی داوە و گرنگتریـن هۆکارەکانیـشی بریتییـن لـە تازەیـی بوارەکـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، هەروەهـا تێکەڵیـی لەگـەڵ بـوارەکانی تـردا.

٢. پەیوەندییـە گشـتییەکان وەکـو بوارێکـی زانسـتی سـەر بـە کارگێڕیـی و بەڕێوەبردنـە، بەهـۆی تەکنەلۆجیاشـەوە بـەرەو سـەربەخۆبوون ئـەڕوات.

٣. ڕۆژنامەوانیـی لەنـاو بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان و پەیوەندییـە گشـتییەکانیش لەنـاو کارگێڕیـی و بەڕێوەبردنـدا جێگەیـان ئەبێتـەوە. پەیوەندییەکـی تەواوکارییـش هەیـە لەنێـوان پەیوەندییـە گشـتییەکان و ڕۆژنامەوانییـدا.

٤. بەپێی ئەو وانانەی کە پسپۆرانی پەیوەندییە گشتییەکان دەستنیشانیان کردووە، پێویستە خوێندکارانی پەیوەندییە گشتییەکان بابەتەکانی تایبەت بە (پەیوەندییەکان/ پەیوەندییکردن، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، بازارگەریی، رۆژنامەوانیی، تەکنەلۆجیا، دەروونزانیی) وەربگرن.

٥. ناونیشانی (راگەیاندن و پەیوەندییەکان) لە دامەزراوە و فەرمانگەکاندا گوزارشتی تەواوەتی لە پەیوەندییە گشتییەکان ناکات، بەڵکو (پەیوەندییە گشتییەکان) ئەتوانێت ناونیشانێکی درووستتر بێت و تیایدا چالاکی راگەیاندن و پەیوەندییەکانیش ئەنجامبدرێن.

پێشنیارەکانی توێژینەوە

پێشنیاری توێژەران بۆ بەرێزان لە لایەنی پەیوەندییدار:

١.وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، گرنگییەکی تایبەتی بدات بە بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە رووی: رەخساندنی دەرفەتی زیاتری خوێندنی باڵا لە بوارەکەدا، دواتر کردنەوەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا، چونکە بەپێی تێبینییکردنی توێژەران بوارەکە گرنگە و لەمڕۆی بازاڕی کاریشدا جێگەیەکی دیاری ئەبێت.

٢. کارئاسانییکردن لەلایەن زانکۆکانەوە تاوەکو پسپۆرانی بیانی (لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان) بانگهێشت بکرێن و سیمینار و وۆرکشۆپ و وانە و چالاکی زانستی پێشکەش بە خوێندکاران بکەن، تاوەکو لەگەڵ زانستە تیۆرییەکەدا ئەزموونی خۆیان لە بوارەکەدا پێشکەش بە خوێندکاران بکەن و خوێندکارانیش بە پرسیارەکانیان زانیاریی وردیان دەستبکەوێت.

٣. بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ وانە رۆژنامەوانییەکاندا یاخود ئەو وانانەی رەهەندی رۆژنامەوانییان هەیە، گرنگی زیاتر بدەن بە وانە (پەیوەندییەکان، کارگێڕییەکان، تەکنەلۆجییەکان، دەروونزانییەکان).

٤. بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بتوانن سوود لە پسپۆرانی (کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، تەکنەلۆجیا) وەربگرن بۆ پێشکەشکردنی وانە بە خوێندکارانی بەشەکە.

راسپاردەکانی توێژینەوە

توێژەران چەند راسپاردەیەک ئەخەنە بەردەستی توێژەرانی داهاتوو:

١. توێژینەوەی تر ئەنجامبدرێت کە تەرخان بکرێت بۆ (دیارییکردنی ئاراستەی کار، یاخود روونکردنەوەی ناسنامە و چوارچێوەی بوار) ی پەیوەندییە گشتییەکان.

٢. توێژەران رۆبچنە ناو ئەو پەیوەندیی و لێک نزیکییەی لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و راگەیاندن و کارگێڕیی و بەڕێوەبردندا هەیە، بە شێوازی تیۆری و پراکتیکی لایەنە جیاواز و لێکچووەکانیان روونبکەنەوە.

٣. بەشەکانی (راگەیاندن، کارگێڕیی و بەڕێوەبردن، پەیوەندییە گشتییەکان) لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا سوود لە پسپۆرانی یەکتر وەربگرن بۆ وتنەوەی وانە و بابەتە زانستییەکانی تایبەت بە پسپۆڕییەکانیان بە خوێندکارانی بەشەکانی تر.

## توثيق هُوية العلاقات العامة في إقليم كوردستان

## دراسة وصفية- مسحية

الملخص

أن المسألة الرئيسة حول الدراسة، عبارة عن مدى معرفة آراء القائمين في مجال العلاقات العامة حول هوية مجالهم أو سياقها المتبلور، وذلك لأن العلاقات العامة بسبب قربها من الصحافة والإدارة فضلا عن التوجيه المنظم وكونها فرعا من فروع علم الاتصال ناهيك عن وجود تعريفات غفيرة لهذا المجال، إلا أن الجدل لا يزال قائما حول ما إذا كان هذا المجال يقع ضمن نطاق الإدارة والتنظيم أو الصحافة أو مجال مستقل، رغما عن أن هناك تعريفات كثيرة لهذا المجال أفادت بأنها موضوع إداري، إلا أن البعض الآخر ذهبوا إلى أن شبح الصحافة تبلور عليه طاغيا حيث إن العلاقات العامة قد تطورت من داخل الصحافة، فإن وجهة نظر أخرى لهذا المجال هي أنه مجال مستقل. كل هذا خلق حالة من عدم اليقين حول مجال العلاقات العامة. تكمن مشكلة الدراسة الأساسية في طرح عدة أسئلة منها؛ إلى أي مجال تنتمي العلاقات العامة؟ هل هي الإدارة أم الصحافة أم مجال مستقل ضمن علم الاتصال؟ وتهدف الدراسة من خلال التأمل الفاحص من تعريفات العلاقات العامة وكذلك علاقتها بالعلوم الأخرى؛ صياغةَ مجموعة من الأسئلة وتوجيهها إلى الخبراء (العلاقات العامة)، بغية الوصول إلى الإجابة اللازمة من خلال بؤرتها النظرية والتطبيقية للدراسة بما في ذلك تحديد نطاق مجال العلاقات العامة. راعينا في الدراسة المنهج الوصفي، كون مجتمع الدراسة عبارة عن إقليم كوردستان. كما لزمت عينة الدراسة أن تكون عشوائية ومشتملة العاملين في مجال العلاقات العامة. ومن أهم النتائج التي توصلت إليها الدراسة ما يأتي: العلاقات العامة هي مجال إداري وتنظيمي، إلا أنها في إقليم كوردستان مجال محاط بعدم اليقين، كما أن حداثة مجال الدراسة والممارسة واتساع وظائف العلاقات العامة من الأسباب الرئيسة لهذا الغموض وتداخله مع المجالات الأخرى.

**الكلمات المفتاحية: العلاقات العامة، الإعلام، الإدارة والتنظيم، الاتصال.**

## Defining the Identity of Public Relations in the Kurdistan Region: A Descriptive Survey Study

## ((Descriptive-survey study

Abstract

The main concern of this research is to know the views of public relations professionals about the identity or the definition of the field, since public relations, due to its proximity to journalism, administration and management as a branch of communication studies, while there are others say it is an administrative discipline, others believe that it is overshadowed by journalism because they say that public relations developed within journalism, but the others believe that it is an independent discipline. All of this makes it unclear which belongs to what kind of field. The main problem of the research is to examine several questions, including: Regardless of whether public relations belongs to which field, a field (administration and management or journalism or an independent field within communication studies), the research aims to: to examine the definitions of public relations and also examine its relationship to other disciplines; Formulate a series of questions and forward them to experts (public relations) in order to obtain the necessary answer from

the theoretical and practical point of view of research and to determine the scope of the field of public relations. The research methodology is descriptive and the research community includes public relations experts in the Kurdistan Region, The research sample is comprehensive inventory. The main conclusions of the research: Public relations is an administrative and management area, but in the Kurdistan Region it is an area surrounded by ambiguity, The novelty of the field of study and practice as well as the breadth of public relations are also the main reasons for this ambiguity and its overlap with other fields.

Keywords: Public Relations, Media, Administration and Management, Communication

**سەرچاوەكان**

سەرچاوە كوردییەكان:

یەكەم: كتێب

١. صابر، كاروان محمد و ئەوانی تر (٢٠٢٣): رۆڵی دامەزراوەی پەیوەندییە گشتییەكان لە چارەسەركردنی ململانێ سیاسییەكان، گۆڤاری زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر بۆ زانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی(٤)، ژ(٢).

دووەم: توێژینەوەی زانستی

١. محەمەد، دانا ساڵح (٢٠١٨) : رۆڵی پەیوەندیگشتی لە بەڕێوەبردنی تەنگژە سیاسییەكاندا، ماستەرنامە (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشی راگەیاندن.

سەرچاوە عەرەبییەكان

یەكەم: كتێب

١. أبوأصبع، صالح خليل(١٩٩٨): العلاقات العامة والاتصال الإنساني، دار الشروق، عمان.

٢. أيوب، أنعام حسن، جميل، زاهر عبدالقادر، مقداد، فراس محمد، مصطفى يوسف (٢٠١٦): العلاقات العامة والاتصال في خدمة الاجتماعية، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان.

٣. البادي، محمد محمد (٢٠١٦): علم العلاقات العامة. إلى أين؟ ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

٤. الشمري، محمد مرضي (٢٠١٦): مدخل الى دراسة علاقات العامة والإعلام، العربي للنشر والتوزيع.

٥. سلمان، فخري جاسم، والشيخلي، عبدالرزاق إبراهيم، وزلزلة، فضيلة صادق(١٩٨٠): العلاقات العامة، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، بغداد.

٦. عجوة، علي وعتران، محمد (٢٠٠٨): فن العلاقات العامة، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، القاهرة.

٧. العلاق، بشير (ا) (٢٠٢٠): تخطيط وتنظيم برامج وحملات العلاقات العامة، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان.

٨. العلاق، بشير (ب) (٢٠١٠): العلاقات العامة الدولية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان.

٩. فرجاني، علي (٢٠١٨): العلاقات العامة واستراتيجات الاتصال، دار امجد للنشر والتوزيع، عمان.

دووەم: توێژینەوە

١. امین، هوشیارمظفر علي ، كاكەشیخ، هەردەوان محمود (٢٠٢١): دور العلاقات العامة في إدارة التسويق، دراسة وصفية، مجلة جامعة جيهان للعلوم الأنسانية، المجلد ٥، العدد ٢.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

یەکەم: کتێب

1. Bowen, S.A., Rawlins B., Martin T.R. (2019): An Overview of the Public Relations Function, 2nd Edition, USA, BEP.

2. Clear, Annette, Weideman, Linda (2007): Dynamics of Public Relations and Journalism, Juta, 2nd edition.

3. Coombs, W. Timothy and Holladay, sherry j. (2014): It's not just PR- Public Relations in Society, 2nd edition, Wiley Blackwell.

4. Coombs, W. Timothy, J. Holladay, Sheery (2014): It's not just PR Public Relations in society, Blackwell Publishing, 2nd edition.

5. Edward L. Bernays (1951): Public Relations and the American scene, USA Rumford Press.

6. Theaker. A,: Public Relations Handbook (2008), 4th Edition, UK, Routledge.

7. Travis E.S., Lordan, E.J. (2020): Public Relations Theory, SAGE Publications, no page number.

8. Wilcox, D.L., Cameron, G.T, Ault, P.H., and Agee, W.K. (2015): Public Relations Strategies and Tactics, 11th edition, New York, Pearson.

9. Taylor, Maureen, Botan, Carl H. (2004): Public Relations- State of the Field, Journal of Communication, 54:4.

دووەم: گۆڤار

1. Attavar, Jhanvi & Dev, Neerej (2022): The Intertwined Association of Psychology and Public Relations, International Journal of Advances in Engineering and Management (IJAEM) V 4, Issue 1.

2. Attavar, Jhanvi & Dev, Neerej (2022): The Intertwined Association of Psychology and Public Relations, International Journal of Advances in Engineering and Management, Volume 4, Issue 1 Jan 2022, P. 742.

3. Dhanesh, Ganga S. (2017): Putting Engagement in its PRoper place: State of the field, definition and model of Engagement in Public Relations, Journal of Public Relations Review.

4. Gesualdi, Maxine (2019): Public Relations Review, Revisiting the relationship between public relations and marketing Encroachment and social media, Journal of Public Relations Review, Issue 2, Volume 45, Elsevier.

5. Grunig, James E.: Public Relations and International Affairs: Effects, Ethics and Responsibility,

Journal of International Affairs, Vol. 47, No. 1.

6. Mckie, David, Sriramesh, Krishnamurthy (2017): Public Relations, the International Encyclopedia of Organizational Communication.

7. Partelow, Stefan (2023) : What is a framework? Understanding their purpose, value, development and use, Journal of Environmental Studies and Sciences.

8. Schönhagen, Philomen, Meißner, Mike (2016): The co-evolution of public relations and journalism: A first contribution to its systematic review, Public Relations Review, Elsevier, 13 September.

9. Sissons, Helen (2012): Journalism and Public Relations: A tale of two discourses, Journal of Discourse & Communication, Sage publications, Vol (6), N (3).

10. Grunig, James E. and Grunig, Larissa A. (1998): The relationship between public relations and marketing in excellent organizations: Evidence from the IABC study, Journal and marketing communications, Routledge, V.4, 162.